هێمن ئەنوەری

# بەرامەی عومری ڕابردوو

بیرت دێ کاتێ خەیاڵ
ژوانی بۆ هەڵدەبەستین؟
لەپێش خۆمان
ڕۆحەکانمان..
دەست لەملانێی یەکتر دەبوون!
لێوەکانمان..
تێکەڵ دەبوون ،
یا تۆ، یا من
کاتێ لێوی خۆمان دەگەست،
ئینجا بە ئاگا دەهاتین
ژوانی جەستەمان دەبەست!!

هەولێر

شیعر

٢٠١٧

**کتێب:** یەکەم چرنۆکی خۆشەویستی/ شیعر
**نووسەر:** هێمن زەندی
**دیزانی بەرگ و نەخشەسازی ناوەوە:** شۆڕش غەفووری
**تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
**نۆرەی چاپ:** چاپی یەکەم
**ژمارەی سپاردن:** ی ساڵی ٢٠١٧ی زایینی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
**شوێنی چاپ:** تاران/ ئێران

هەولێر/٢٠١٧

**ژمارە مۆبایل:**
**فەیسبووک:**

٣ قەدەر
٤ ئەلبووم
٥ یەکەم چڕنۆکی خۆشەویستی
٧ کەرکوک
٨ خۆشەویستی
٩ چڕنۆکی خۆشەویستی
١٠ کەرکوک خۆشەویستی
١١ خۆشەویستی چڕنۆکی خۆشەویستی
١٣ کەرکوک
١٥ خۆشەویستی چڕنۆکی
١٦ کەرکوک
١٧ خۆشەویستی
١٨ کەرکوک
٢٢ خۆشەویستی
٢٣ قەدەر
٢٥ ئەلبووم
٢٧ یەکەم چڕنۆکی خۆشەویستی
٢٨ کەرکوک
٢٩ خۆش

# هێمن و شیعر

کۆمەڵـە شـیعری «بەرامـەی عەتـری ڕابـردوو» چڕکردنـەوەی هەسـتی یـەك کەسـە بـەڵام چەندەها کـەس دەدوێنـێ لـە چەندەهـا کات و شـوێنی جیـاواز، هــەر کاتێــك و شــوێنێك زادەی نەسـتێکی بـاڵا دیـار دەکات کـە شـاعیر هێمـن زەنـدی زۆر بـە قووڵـی بـە وشـەی تـژی لـە نیـگار و وێنـەی شـیعری هەمەجـۆر دەپەیڤـێ و کات و شـوێن ورددەکاتـەوە و مانـا دەبەخشـێ بـەم ڕووداوو ڕۆژانـەی ڕەنگـە هەموومـان ببینیـن و بەسـەرماندا تێپـەر دەبـێ، بـەڵام هێمـن بـە چـاوە زیرەکەکانـی پەلبەسـتیان دەکات و دەیانخاتـە نـاو بۆتـەی گرنگـی شـیعرەوە.

وزەی ژینی ئادەمیزاد هیوایە، کات.. کاروانە
کار مەشخەڵی ڕێگایە
ئەڤینیش..سەرگوزشتەی کۆی گۆی زەوی لە لایە...

لـەم کۆپلـە شـیعرەدا، کـۆی بـوون و گـەڕان بـەدوای واتـای ژیـان؛ چڕ دەبێتـەوە لـە چەنـد دێڕێکی ڕاشکاوی سەرنجڕاکێشـدا و پێـمان دەڵـێ کـە ژیـان بـە بـێ هیـوا تەنهـا ڕەوڕەوەی کاتـە و کاری هەمیشـەیی مـرۆڤ بونیـش دیتنـەوەی ئەڤینـە بـە واتـا گشـتییەکەی، دەنـا مانـەوەی بـێ ئەڤیـن هیـچ چێژێـك نابەخشـێ. هێمـن زەنـدی و خۆشەویسـتی و سروشـت؛ سـێ کایـەی تێکهەڵکێـشراون بـە هێمنـی و ئارامییەکـی ئەوتـۆ کـە وا لـە خوێنـەر دەکـەن چاوێـك بـە پەیوەندییەکانیانـدا بخشـێننەوە. حەزەکانـی هێمـن هەمیشـە زینـدوون و بـۆ مانـەوەی خۆشەویسـتی سـوورن لەسـەر بەردەوامبـوون مەگـەر پینـە پینـە، پارچـە پارچـەش بـن.

شـاعیر زۆر بـه تونـدی دەسـتەکانی بـه هێوربوونـەوەدا گرتـووە و واز لـە خۆشەویسـتی و سروشـت هەرگیـز ناهێنـێ. هێمـن یـەك هێمـن نیـە؛ بەڵکـو هـەر عاشـقێك لای ئـەو هێمنـە هەتاهەتایـە.

ئەو کاتەی تۆ زولەیخا بووی
منیش ڕەفتار یوسفی بووم
کە بووی بە شەم
دێوانەت بووم هۆ زینەکەم
وەك کاکە مەم..

لـە بـواری هەسـتی نەتەوایەتـی و مرۆڤایەتـی؛ چەنـد جـوان هێمـن زەنـدی باسـی خـاك و وڵات دەکا وداوا دەکا هەمـوو سـەرکردەکانی کـورد کۆببنـەوە و چارەسـەری نەهامەتیـە یـەك لـەدوای یەکـەکان بکـەن، بـەڵام مەرجێکـی زۆر سـەیری هەیـە و دەڵـێ: شـوێنی کۆنگـرە بەسـتنمان خوێنـی کـوردی تیـا نەڕژابـێ!! پرسـیارێکە و وەڵامـی زەقـی هەیـە، کـوا ئـەو شـوێنە لـە کوردسـتان کـە خوێنـی کـوردی تێدانەڕژابـێ!! ئـازاری هێمـن زەنـدی قاووغێکـی زۆر گـەورەی هەیـە بـە پانتایـی هەمـوو کوردسـتان! لەگـەڵ مـام هێمنـی شـاعیر گوفتـاری هەیـە و پێیدەڵـێ:

هۆ مام هێمن
ئـەو شـیرینانەی کـە دەتویسـت لـە شـیرینی (وەفایـی)
نە چـن
ئێستا گشتیان لە کۆبانێن
بەڵێنیان بەم خاکە داوە
چەك بەدەست بن...

پێـم وایـە ئەوەنـدە بـەس بـێ ئیـتر خۆتـان سـەفەرێک بەنێـو ئـەم کتێبـەدا بکـەن

لەگەڵ ڕێزم

**محەمەد حوسێنی مهەندیس**

## پێشەکی

ئەو نووسینانەی لەدووتوێی ئەم کتێبە دا هەن،تۆی خوێنەر سەربەستی لەوەی کە ناوی چیان لێدەنێی؟بەڵام سەربەستی ئەوەش بەمن بدەن کە بڵێم:حەرف حەرفیان لەقوڵایی ئازارم و وشە وشەی لەتاریکی وجودم دەرهاتوون. کە ئەگەر ئەو فۆڕمە نەبا (کە خۆم پێیان دەڵێم شیعر و پێم وایە لەو چوارچێوەیە دان) ئەوا بەهیچ شێوەیەك نەمدەتوانی بیانهێنمە دەر و هەڵیان بخەم.پشت هەموو نووسینێکم برینی تەڕن و من تەنها ئەو برینانەم خستوتە چوارچێوە .شیعر قەت لای من هێورکەرەوی دەروون و خاوەنی ئەو پێناسانە نەبووە کە شیعر وەکو (حەبی هێمن کەرەوە )پێناسە دەکەن.من تەنها خەمم داتاشیوەو لە بەرچاوی خۆم جوانم کردوون،لەبەرئەوە خەمیشم لا خۆشەویست بووە.تەنها ئەستێرە پەرش و بڵاوەکانی بیرم ریزکردوون و هەریەکێکم لەشوێنی خۆی داناون.کاتێ لەبەر زووقمی ئازارەکانم بەستوومە،شیعر تەنها گەرمی کردوومەتەوە تاکو جارێکی تر ببەستمەوە و ئێشتی دووبارە بەستان هەست پێ بکەم. سوپاس بۆ شیعر کە خەم و ئازار و برینی لا شیرین کردم.سوپاس کە بوومەتە خاوەنی ئەو هەموو هەستە.

## پێشکەشە بە

(**وەستا حسین**)ـی باوکم ،

ئەو پیاوەی کە خۆم لەوە بچوکتر بینی لە لاپەڕەی یەکەمی ئەو کتێبە، ناوی لە دوای ناوی خۆم دابنێم .

# ژیان

وزەی ژینی ئادەمیزاد
هیوایە..
کات. کاروانە.
کار. مەشخەڵی ڕێگایە
پەیڤی جوان. پەینی روحە
خەم. هاژەی رەشەبایە
ئەڤینیش. سەرگوزشتەی
هەموو گۆی زەوی لەلایە..!!؟

٢٠٠٠

ئازیزەكەم..
كاتێ هەور دەگرمێنێ
هەواڵی زریانی پێ یە
دڵنیاشم..
كاتێ كەوا تووڕە بونت هاژە دەكا.
كۆڵێ ئەسرین.
لە دەروازەی چاوەكانت چاوەڕێ یە
قوڕ و لیتەی،رابردوویەكی پڕ
لەهەڵەی
ڕۆژانی سور..
هەنیسكی چەند ساڵ پێش ئێستات
قوڵپەكانی لەسەر پێ یە.
ناچار حەزەكانی منیش
لەژێر چەتری پینە پینەی
هێور دایە.!
بۆ مانەوەی خۆشەویستیت لەسەر
رێ یە..!!

**٢٠٠٥/٢/١٦**

# گوڵە نێرگز

خۆشەویستیت.بوە بەچەپکە نێرگزێ
لەگوڵدانی..
هەست و بیرم ئاخندراوە
خۆشەویستیت..
بووە بەلەرەی ئەو دەنگەی
بلوێری ژین و ژەنیاریم
لەنێویدا حەپەساوە
خەرمانی خۆشەویستی تۆ
هەتوانێکە..
لەبرینی جەستەی شەکەتم هەڵپێچراوە .
خۆشەویستیت..
ماندووی کردووم تاسەر ئێسقان
پشتی کەڵمی تیا چەماوە .

٢٠٠١

# هەناسەکەم

هەناسەکەم
هەتا بژیم، بۆتۆ دەژیم
بێ تۆ ناژیم..
کەمردیشم...
لەگەڵ دەنگ و چپەی تۆدا
لەوانەیە...
جارێکی تر،هەناسەدەم

**٢٠٠٩/٨/١٨**

# ڕەفتار

ئەو کاتەی تۆ زولەیخا بووی.؟
منیش ڕەفتار یوسفی بووم
کە بووی بەشەم..
دێوانەت بووم
هۆ زینەکەم..
تەنیا تاوێ ئارام بگرە
تا ئەسپی خەیاڵ زین دەکەم
وەك کاکە مەم.
بۆت دەبمە ئەو بارە بەرەی
تاهەتایە..
خەمەکانت لەکۆڵ دەکەم.

٢٠٠٩/٢/١٢

نیگات سیحرێکی تیژ ڕەوە
چرکەیەکە.
کەچی ئەم چرکە ساتە
کارەساتە..
تاهەتایە...
لوغزێکە و لەدڵمدایە
مەتەڵێکە و ...
بۆم هەڵنایە.!؟

٢٠٠٧

# پرسیار؟؟

وە بیرت دێ کاتێ خەیاڵ .
ژووانی بۆ هەڵدەبەستین.؟
لەپێش خۆمان.
روحەکانمان..
دەست لەملانێی یەکتر دەبوون.!
لێوەکانمان تێکەڵ دەبوون
یا تۆ، یا من
کاتێ لێوی خۆمان دەگەست .
ئینجا بەئاگا دەهاتین .
ژووانی جەستەمان دەبەست .!!

٢٠٠٨

ئەو ئەلبومەی
که وێنەی تۆی تیا دادەنێم .
نازانم چۆنی دروست کەم.!؟
لای کام وەستا.
کامە کار کەر .
لای شاعیران .
یا خەڵکێکی لە ئەنتیك زان .!
لەبەر یادی نێو وێنەکان
لەبەر ووشە هەنگوینیەکان
که لەیادەکانا هەیە .
یا ئەو ساتە زێرینانەی
لەشانەی هەنگەکە هەیە
داینێ ئەمانەم گشت زانی .
ئەگەر هاتوو پەڕەی ئەلبوم
هەڵدەمەوە .
لەگەڵ روحما، جیهان دەفڕێ .
بۆنی عەتری، روحمان دەفڕێ .
یادەکانمان گشت کۆچ دەکەن
بۆ دەربەندی پەپولەکان .

بۆ كانیاو و بۆ زەنوێر و قەدپاڵی شاخە بەرزەكان .
من ئەو كاتە ئەم ئەلبومە لەكوێ دانێم.!؟
بۆیە گوڵم چاكتر وایە.
ئەم هەگبەیەم لەدڵدابێ
نە ئەنتیك و نە ئەلبوم و ئەلبوم خانە.
قەت ناتوانن
رووحی تەنیام ئاسودەكەن
لەم زیندانە....

**٢٠٠٨**

# بۆ جوانێکی نەناسراوی بیانی

بۆ جوانێکی نەناسراوی بیانی
گەر زمانی تۆم دەزانی .
ووشەکانم ..
ئاوا بێ لانە نەدەبوون
قەد لەخەودا دەرنەدەچوون .
***
ووشەکانم.
گشتیان دەبوون بەخەرمانە
لەدەوری رووت
پیتەکانم .
گشت وەك شانە
لەپەرچەمت دە ئاڵان و
وەك خەیاڵی پەنجەکانم
ئەبڵەق دەبوون .!
تێر دەبوون لەئاوی یاقوت .
***

خاڵی پیتی ووشەکانیش
وەك پەروانە .
دەبوون بەجوانترین تابلۆی
نێو خەرمانە .
***
گەر زمانی تۆم دەزانی .؟
خۆ وەك ئێستاکە نەدەبوو
پەرچەمت تۆڕی ووشەم بێ
پیتەکانم
بەدیدەی رووت، بۆنی سوتو و کروز بگرن
خاڵی هەموو پیتەکانیش
کوشتەی شمشێری برژانگ بێ .
***
ئاخخخ. گەر زمانم دەزانی
پێم دەگوتی ...
تۆ جگە لەگوڵە نێرگز .
لەهیچ شتێکی تر ناچی .!
***

سوێم لەوەیە..
وا هەست بکەیت، لەخۆ باییم
وا هەست بکەیت .
شێتی جیهانی تەنیاییم .!
نا..نا. گیانە
وا هەست نەکەی
جوانیت ئەژنۆی شڵ نەکردووم
تیلە نیگات .
هەستی لێ گەوج نەکردووم .!
***
ئازیزەکەم ..
تۆ ئەوە نیت
پاشا بۆت دانەنوێتەوە .!
کەس ئیرەییت پێ نەبات و
پشتی کەل نەچەمێتەوە .!
***

خانمۆلەکەم..
تۆ گەلێ لەوە زیاتریت
خامە و هەستی برینداری
پیات هەڵبدەن
دەبێ وەك من، هەر لەخەودا بانگت بکەن .!
دەبێ وەك من، شێت و شەیدا و
دەبێ وەك من، عەشق و خولیا و
تامەزرۆکەیان بشکێنن
هەر لەخەودا، ناوت بێنن ..!!!

٢٠٠٧/١/١٥
ئەستەمبۆڵ

# بۆ بێ دەنگی؟!

بۆ بێ دەنگی .؟
بۆ بێ دەنگی .
کێ هێندەی من لێت نزیکە
بۆ خوێندنەوەی رازەکانت .
بوومەتە پێکی هەوەست
بۆ پێکانی هیواکانت .
بۆ بێ دەنگی .؟
بێ دەنگیت بووە بەتاسێك
ئارامی دەزرینگێتەوە
بێ دەنگیت بووە بەهاژە و
رووبار لێی دەسلەمێتەوە .!
بۆ بێ دەنگی ؟
دیداری بەندی بەندیخانەش هەروایە .
بەزمانی چاو پێم دەلێی
سیمای پاکت تارای بوکە و
چاوانمی لێ زاوایە.
بۆ بێ دەنگی . بۆ بێ دەنگی .؟؟

٢٠٠٠

من هەڵە بووم .
لەو ژیانەی کەوا گوزەشت
لەلام وابوو ...
هەموو کەسێك شایەنی خۆشەویستیە .
خۆشەویستیش ..
پر بەپێستی هەموو مرۆڤایەتیە .
نەمزانی کە خۆشەویستی
سەرچاوەکەی ..
تەنیا لای ئەو کەسانەیە
کۆی ژیانیان.
پڕ قوربانی و
ئیلهامی راستی و پاکیە .

١٩٩٤

# هەوار

تا نەلێی تەنیا دەسوتێم
لەنیوە شەودا بۆت دەدوێم
تۆ هەوێنی شیعری منی
تابلۆی هەست و بیری منی
تۆ برینی پڕ ئەندێشەی
تۆ کۆرپەی ئەوینی بێشەی
بۆمن بۆنی دوای بارانی
خونچە گوڵی بەهارانی
تۆش وەکو من
سەری هەگبەی نهێنیەکانت
ببەستە و بەکۆڵدادە
هەر وەکو من .
لەمەزاری عاشقانا بیشارەوە .
لێی بنووسە .
با بێن . با بێن
ئەویندارانِ ..
گوڵە حاجیلەی مرزیان هەڵوەرێنن .
با بێن . با بێن
ئەویندارە بێ کەسەکان
کاروانە بە ئەندێشەکان
ئا . لێرەدا ..
لەم مەزارە
با هەوارێ بسازێنن .

# کزەی جەرگم

کزەی جەرگم .
ئۆخەی گەیشتم بەلوتکەی
دوا ترۆپکی دارمانی حەزەکانم .
رزگارم بوو ..
لە دوو دڵی نێو گومان و
خەونە سەرابیەکانم .
لەزەردەی ئاوا بوون رەت بووم
گەیشتمە شەوی تەمەنم .
بۆم هەیە کە ئازادانە
لەم یەڵدایە کش و ماتە
ئەستێرەیەك دەست نیشان کەم
تیای حەشاردەم
راز و گەنجیەتی تەمەنم .!

١٩٩٩

# بێ ئۆمێدی

زۆر هەوڵم دا ..
کەبۆت ببم،
بەزەنگوڵەی قافلەی ژیان
***
وەك پێشەنگێك .
لەپێناوت، هەڵم مژت ژان .
لەئاست گەردەلول بۆ زولفت
بۆت بوومە پەرژین و کەوشەن
ڕێم ڕۆشن کرد،بۆ تۆی ڕەوشەن
***
بۆ هەمیشە پێکی حەزت
گلێنەی چاوەکانم بوو
هەر بەتەنیا ..
تەنیا شنەی چاوەکانت
هێز و هەست و هەم یارم بوو .
***
کەچی ئێستا ..
نائومێدیت کردۆتە دۆست
ڕاستیت تۆراند
عیشقت خەزاند
لێم بووی بەکۆست ..!

١٩٩٩

# یەکەم چرنۆکی خۆشەویستی

یەکەم چرنۆکی خۆشەویستی
هەر تابلۆیەك .
لەپێخەفی خەیاڵی نێو خەونەکانت
هەر ئاوازێ .
کە بۆی ژەنی دڵەی شوانت .
هەر چنینێ ..
لەتەونی کورتی تەمەندا
هەر فرمێسکێ .
کە قەتیس ما لەچاوانت
گەر بتەوێ لەیادی کەی
لەیاد دەکرێ .
فرمێسکەکەش، ڕۆژێك دادێ
لەچاو بتکێ .
برژێ و بەرە و ئۆقیانوسی
یاد هەڵکشێ .
لەدوایدا ..
ئەوەی دەمێنێ هەر عەشقە
سارێژی برینی ناکرێ .
***

ئەو پەندە زۆر شەرمەزارە
که دەبێژێ :
(سوار کە گڵا دەبێ بەسوار)*
خۆشەویستی بولبولێکە
لەقەفەزی ژینا دەژیێ
تەنیا جارێك ئازاد دەکرێ .
خۆشەویستی هەنگاوێکە
هەرگیز ناگەرێتەوە دوا .
گوڵاوێکە ...
گەر نەزانی بۆنی بکەی
بۆنی دەڕوا .
خۆشەویستی ..
پەیژەی ژینە
تاڵاوێکە . وەك هەنگوینە .!
خۆشەویستی، خوێندنگایە
لانەی ژینێکی ئەمینە .!
بۆیە منیش، وا راهاتووم
هەموو رۆژێ .
لەگۆی مەمکی یادگارێکا
تێر فرمێسکی عەشق ببم .
***

بەڵێ گیانە ..
وا مەزانە
لەیاد دەرچووی
تۆ دار بەرووی رەگ داکوتراوی ژینمی
تۆ سەرەتا و تۆ کۆتایی ئەوینمی
با پەل و پۆ و
قەد و باڵات بسوتێنن
هەموو رۆژێك .
لە مەتەرێزی هەستمدا
بە هەنگاوی بەجێماوت
بەعەشقی ساوا خنکاوت
پشکۆیەکەت ..
لەسەر ئاگردانی تەمەن
گەش دەبینم
دەروازەیە .
ژینی دوا رۆژێکی شادی
پێ ئەبینم
ئەی بۆ هەمیشە هاوژینم
دڵ
و
ژینم

١٩٩٦

## پەندێکی کوردیە

وەرزی پێنجەم
پایزێکم ...
بۆ وەرینی گەڵای
گشت حەزەکانی خۆم
چەپکە نێرگزی بەستراوم
بۆ سەر مێزی
بەهارێکی بێ وەنەوشە و
بێ سەوزایی ئەوینی خۆم
لەکانیاوی ....
وشك هەڵاتووی دڵمدا
خوڕەی ئاوم
لەگلێنەی بەر بینایی دەورو بەرم
سۆمای چاوم
چەتری سەری
چەندین ویستە و چەندین حەز و
چەندین هەنسکی
خنکاوم
لەو..وەیشومە و گەردەلولە
چاوەڕوانی

زستانێکی لەبەرهار چووی
چڕ و پڕ و جوانی ئەوتۆم
هەرچەند دەکەم
ڕەنجی هاوینەی تەمەنم تێر ناهێنێ
لەبەر ئەوەی خاوەنی چەندین برینی
بەسفت و سۆم
***
تۆش زویری ئەگەر جارێك
بروسکەی هەست و ئیلهامم
نەدا لەو پەرتە هەورانەی
خوارووی نیگات .
بەسەر کێلگەی
تێر نەدیوی دڵی پاکت
دانەبارێ
***
ویستومە فێڵ لەخۆم نەکەم
لەتۆی نەکەم
گەر دەتەوێ
ئەویش دەکەم
هەر بۆ خاتری
وەرزی پێنجەم

١٩٩٨

# وەسیەت

خۆم لەروحت ناترازێنم
تا ئەو کاتەی
خۆشاوی مەرگ دەنۆشم
بێ تۆ هەرگیز .
فەرامۆشی
بەخەیاڵ و هزر و هەستم
گوزەر ناکا
بەیادی تۆ .
تارمایی خەم دادەپۆشم

١٩٩٧

# ویستە..

ئامان ئەی دڵ
لەنێو هەناسەی دژوارا .
بەس ئامانێ ..
لەتەونی خەیاڵی گومڕا
تروسکایێ
نەتروکانێ
نازانم بۆ. ؟
که کۆرپە هیواکان دەگەن
بەیانی باش
لەخەمێکی
تاڵ و
تازە و
نوێ دەکەن

٢٠٠٣

# ملوانکە

ئەم شەو شیعر ملوانکەیە
لەگەردنی خەمی دەکەم
پیاڵەی مەیە
لەشەوێکی تەنیاییمدا
سەدان ژان و
شا حەزێکی پێ نۆش دەکەم .
ئەم شەو شیعر ..
لەدامێنی چیای مەبەست
بێ وورتەیە .
کفنی مەرگی لەبەر دەکەم
ئەم شەو شیعر
دوا وانەیە .
لەتەکیەکەی شێخی سەنعان
سەدان موریدی سەرشێتی
وەکو خۆمی
پێ جۆش دەدەم .
ئەم شەو شیعر .
کارمامزێکی کێویە
هەر دەیخەمە داوی مەبەست
پێکی گشت حەزەکانمی
پێ دەپێکم .
ئەم شەو شیعر
لەمەرجی من رزگار نابێ
یا دەمپێکێ .
یا دەی پێکم ..

٢٠١٣/٧/٢٣

# ئەبێ کەی بێ؟

ئەبێ کەی بێ ..
ڕێژنە ماچی میهرەبانیت
بەسەر سیمای پەشۆکاوم دا بباریٚ .
ئەبێ کەی بێ .؟
بەدەست و پەنجەی ناسکت
ئارەقەی رێی دابرانت
لەسەر هەنیەم بسڕیتەوە .
ئەبێ کەی بێ .؟
لەسەر پردی
شاد بوونەوە .
دەست لەملان بین
تا مردن بۆیەك هەتوان بین .
جا ئەو کاتە.
لەدەفتەری بیرەوەری
ژیانمانا.
رابردوو بنوسینەوە
خەزانی تەمەن وەلانێین
گوڵی سادەی بەهاری ژین
بەیەکەوە ..
بچنینەوە .

١٩٩٧ ئەی کچی

## شەنگ

ئەی جوانتر لەپەپولە .
ئەی ساکارتر، لەژیانم
ئەی ناسکتر لەدڵی شاعیر .
خۆشم دەوێی،
وەك ئیلهامی شیعرەکانم
چونکە هەرتۆی .
دەبیە هەوری نیگاکانم
دەبیە تەلیسمی ئیلهامم
بەسەر زەوی
تینوی روحما دادەباری
چ بارانێك ..
چەندین ووشەی
سەوز و سورن
دەچنە گوڵزاری بەهاری
سەر دەفتەرێك
دەفرن، لەنێو بەهەشتی یاد
وەك پاساری .

٢٠٠١

# هەنیسکی ژوان

ئا لەم شەوە
سارد پۆشەدا
لێوەکانم لەسەنگەری چرپەیەکدا
بەدەیان ماچیان لێ وون بوو .
چاوەکانم .
لەپەناگەی حەزەکانم
هەر بەسەدان
دوورە نیگای سەوزی جوانیان
لێ شێواندم
دەستەکانم .
لەدرزێکی نا ئاگایی
بەهەزاران
لاسکە پەنجەی
نەرمی یادیان لێ شکاندنم .
ئەو دڵەی من
لەئافاتی ئەو دووڕیانە
بەدەیان پرسەی
بۆ کۆچی
خەونەکانم گێرایەوە و
بوو بەدەریایەك فرمێسك و
رژایە نێو چاوەکانم .

٢٠٠٢/١٢/٢٧ /ئوتێل بنازیر/ سۆران

# خەندە

خەندەت،
چەشنی تۆفانێکە
ئۆقرەی شەرمم
هەڵدەلوشێ .
***
لەنجەت ..
چۆپی هێرشێکە
مۆڵگەی هەستم
شێتانە لێ دادەپۆشێ .
***
ووشەت .
قەفەسێکی سەوزە و
نەرم و نیان
گۆرانی دیلیم بۆ دەچرێ .

٢٠٠٠

## سەرنج

چاك دەزانم .
پەشیمانی رووبارێکە
سەرچاوەی خۆی وون کردووە
پڵنگێکە .
یەکە . یەکە جگەر گۆشەکانی دەخوات .
بەڵام چیبکەم .
لەپەراوێزی تەمەنم
گەلێ جاران .
پەشیمانم لەرابردووم
گەلێ جاریش،پەشیمانم
لەپەشیمانی رابردووم .
زۆر هەنگاوم دووبارەیە
زۆر گفتار و رەفتاریشم
لەژێر پەتی سێدارەیە
گەلێ خۆزگە و ئاواتیشم
لەمەملەکەتی واقیعدا ئاوارەیە .

١٩٩٨/١٠/٢٥

# ئەندێشە

لەتەمەنی هەڵبزورکاوی بەسەر چووم
نەمدی جارێ .
لەنێو تابڵۆی شیعرێکمدا
ئەندێشەکەم بدا جاڕێ
هەر کە ئیلهام
میوانی خەیاڵم دەبێت
وەکو منداڵێکی سادە
کۆلارەی شیعرم هەڵدەدەم
نە ووشە لەدوای دەستم دێ و
نە هەستە شەماڵیش دەمبا
بەرە و ئاوی روونی کانی
کانی روونی .
وەك ئاوێنە
کام ئاوێنە .!؟
ئەو ئاوێنەی
ناخ دەیەوێ
کە وێنەی خۆی
تیا دەرکەوێ .

١٩٩٨

ئەم شەو.
تەنیاییم مەرگێکە
روحی لاویەتیم، دەکێشێ .
باڵای پایز .
سەرچۆپی زەردیم دەکێشێ .
***
ئەم شەو .
تەنیاییم گۆمێکە
گۆمێکی مەند
مەندتر لەسەرنوگم بوونی
حەزەکانم
شلوێ ترە ..
لەتەم و مژی ماندوویەتی و
داهات و پێشهاتەکانم
گوێم لەترپەی دڵی خۆمە
وەرە ئازیزم بەشدار بە
لەچێژی ئازارەکانم
لەبزەی فرمێسکەکانم
***

کۆری تەنیایی ئەم شەوم
لاس و مەجنون
گوێیان گرتووە .
بۆ عەشقەکەی دێوانە و شەم
حەزرەتی نالی لەلوتکە
دەڕوانێتە ..
باڵای حەبیبە جوانەکەی
خاتوو زینیش
دەدوێ بۆ مەم

**٢٠٠١/١١/١٤ ـ گوندی روستێ**

بەر لەوەی تۆ بناسم .
تەنیایی گەر ئەستێرەکان بووم
شەوان تەنیا
بەدیدەنی مانگ ئاشنا بووم
***
بەر لەوەی تۆ بناسم .
خەونەکانم پایزی بوون
حەزەکانم بێ ئامان و
شیعرەکانم .
هەر پەیڤین بوون . بێ ئەڤین بوون
***
بەر لەوەی تۆ بناسم ..
هەستم وەك بێچوە چۆلەکەی
بەر تەزرە بوون .
شەیدایشم ..
رێژنە بارانی بەهار و
چاوانیشم، بۆ عەشقێکی پەڵە کەوتوو
تامەزرۆ بوون .
***

بەر لەوەی تۆ بناسم .
وشەکانم لەقورگێکی
نەزۆکەوە دەهاتنە دەر
کات، لاویەتی
لێ هەڵدەمژیم
هیچ شتێك ناوی (جوان) نەبوو
(شادومانی) ووشەش نەبوو
کەچی ئێستا ..
هەر بەتەنیا
چاوەکانت دەمخوێننەوە
لاویەتیم تیا دەچننەوە .
پەیڤت سەرپێکی شادیمە
باڵات .
گڵکۆی ئیش و دەرد و
برینی نامورادیمە .

٢٠٠١/٩/٥

# دڵنەوایی

قەیناکا ...
جارێ باوابێ
تەنیا روحمان باوەش تێککا
گەر بەمن بێ حەزی من بێ
من حەز دەکەم .
وەك چۆن لاولاو
لەقەد شەنگەبی دەئاڵێ
ئاوا لەقەدت بئاڵێم .
من حەز دەکەم ..
وەك هەناسەم لەسینگما بی
وەك ئەدرێسم لەناخما بی
من حەز دەکەم .
چاوەکانت
بکەم بەگەردانەی حەز و
لێوەکانت
بکەم بەپێیکی چوار وەرز و
باڵات، بکەم بەوەنەوشە
لەهەواری دڵما بژی
من حەز دەکەم .

هەستم بکەم بە توتیەك
وانەی عەشق و ئەویندارى
لەدەرگاى والاى بەختیارى
بلێتەوە
وەکو سایە
بەچوار دەورت
بخولێتەوە
من حەز دەکەم .
ئیلهامی هۆنراوەکانم
لەبەر پێی جوانیت شاباش کەم
یەکە . یەکە
ووشە و پیتی شیعرەکانم
وەك گەردانە
لەگەردنت کەم
من حەز دەکەم .
ئەو رووومەتەی
کە هەر بەخەندە قوول دەبێ
هەردەم قووڵ بێ
ئەو چاوانەی
سۆمای شادین

بەنج و مەڵهەمی ئازارن
پڕ ئازارن
دوور لەئازار، هەردەم
گەش بن .
***
منیش وەك تۆ
زۆر بێزارم لەو ژیانەی
کە وەك ئەبرۆ شمشێریەکەت
لەتم دەکا . لەتم بکا
منیش وەك تۆ
بێزارم لەچاوەڕوانی
هەر وەك دەنگە بەسۆزەکەت
تامەزرۆ و شەکەتم دەکا . شەکەتم کا
قەیناکا .
جارێ باوابێ
پەپولەی روحمان ئاشنایە
ئارام بگرە ...
دنیا گوڵە و، ئێمەش هەنگین
ئارام بگرە ..
نزیك بووە مانگی هەنگوین

٢٠٠١/٨/٢٠

# نامە

کاتێ ..
که راچەنینی خەو
دەپسێنێ
ژێی کەمانی هەست
کاتێ ..
که تینی غوربەتی
له ئاسمانی بێ ئارامیم
دەخنکێنێ
راز و مەبەست
کاتێ دەنگی عەشقی وونم
لەبازاڕی
پایتەختی دڵ
بێ سەدایە
کاتێ ..قیژەی هەست و سۆزم
لەئامێزی
رووخساری پەشۆکاومدا
بەدوای حەجمین
هەڵوەدایە
یا. دەگرییێم
یا خامه و دە پەنجەی دەستم
دەبنه ئەوینی هەوێنی
نوسینی نامەی بەردەستم
١٩٩٨

# گلەیی

بەئاوازی عیشوە دارت
سەر زەنشتی هەستم دەکەی
زامە قووڵەکانی ناخم
لەدەروازەی ..
بزەیەکی لێوەکانت
لەسیماتا، نامۆ دەکەی
بە دەهۆڵی پارشێوی
رازەکانت هێزی دەنگم دەنوسێنێ
بەهەنیسك و هەناسەی سارد
نەشئەی گەرمم، دەتەزێنێ
بە تەلیسمی ..
هەڵبزورکاوی خۆ کردت
دەمی ووشەم دەترسێنی
لەبەر ئەوەی .
خۆشەویستیت
بەسەر هەنگاومدا زاڵە
کەلەبچەی دەست و پێوەندم
پەرچەم و دوو چاوی کاڵە
من دەزانم
تەنیا . ئەوەندەم مەبەستە
وا نەزانی .. کە نازانم

١٩٩٩

تەرمی،
یەکەمین ئەوینم
لەسینەمدا
بۆن رەیحان و وەنەوشەی گرت
قرتاندم و
لەیەخەی ئاخەکانمدا .
سۆمای چاوی چاوەڕوانیم
بەری نەگرت .
گەڵاکانی
زەرد باوێکیان بەخۆوە گرت
رەگەکانی .
لەکانی ووشکانی رۆچوون
هێند تینووی
عەشقێکی تر بوون
هاواری مەرگیان بۆم دەکرد
منیش ناچار .
بۆ ژیانەوەی ژیانم
سەر گوزشتەی مەتەڵێکی
بێ زمان و بێ گوناهم
هەراسان کرد

بۆ دووباره خۆم دۆزیەوە
لەدەرگای مەحاڵ وەستاوم
دیسان بینیم .
ئەوینم پایزانەیە
بۆیە دەبێ تەنیا بژیم
لەگەڵ ئێش و
خەم و
ژانم .

٢٠٠١/١١/٢٤

چاوەکانت
چاوەکانت .
چاوەکانت فێریان کردووم
کە هەمیشە ..
تۆم لەیاد بێت
چونکە
بەنیگا پێم دەڵێن
تاکە هیوا و
تروسکایی
هەر لەو چاوانە
بنیاد دێت .

٢٠١٣

# هەرزەکاری و ئێستا

هەرزەکاری و ئێستا
وە بیرم دێت کە مناڵ بووم
مێشك کاڵ بووم
نەم دەزانی .
عەشق چیە .!
هەرزەکار بووم
بەهەمان حاڵ نەم دەزانی
خۆشەویستی مانای چیە .!
خۆزگە ئێستاش نەمزانیبا
خۆشەویستی و ئەویندارى
کاتێ لەعەشق گەیشتم
ئازارەکانی پێ چێشتم .
هەموو ژینی مناڵیم و
هەرزەکاری و
گەنجی بردم
هەر بەگەنجی پیری کردم .

٢٠١٤

# داهاتووم

لەئەڵبومی بیرەوەریم
سەردەکەم بەهەر کونجێکا
کەمێك . شرەی بەختەوەری
بەجێماو و
تۆز قاڵێ لەشادی دڵ و
خەزێنەیەك پڕ پڕ لەخەم
لەکونجی ژووری یادگارم هەڵواسراوە
ئەو هەگبەیەی .
کەوا هەردەم
هەناسەی ژینم دەبەخشێ
کۆی دوا رۆژمی پیَ دەنەخشێ
بە تەنیا هەر ناوی تۆیە
چونکە، ئەتۆ رابردوومی
هەر تەنیاش تۆ داهاتوومی .

٢٠١٤

# ئاوابوون

ئاوا بوون
ئەوینی تۆ .
سەر مەستی رۆژگاری کردووم
لەچێژەنی هەنگاو نانم
سەر دەرناکەم .
هەر چەند خێرا هەنگاو دەنێم
هەر پێت ناگەم .
زۆر دەترسم
ئەوینی تۆ
هەر وەك زەردەپەر ئاوابێ
یاخود ژینم
لەگەڵ گەیشتن
ئاوابێ .

٢٠١٤

باوەشی تۆ
بۆن و بەرامەی ئیلهامە
بێ ئامێزت
لەهەر کوێ بم
هەر تەنیامە
کە بی تۆمە وا هەست دەکەم
کە قورسایی هەموو دنیام
لەسەر سەرە
کە لای تۆشم وا هەست دەکەم
تاجی هەڵۆی بەرزە فڕم
لەسەر سەرە .
تۆش ئازاد بە لەهەردوو سەر
چونکە من بەهەردوو لایەن
هەر ناوی تۆم لەسەر سەرە
عەشقت قیبلە و تاجی سەرە .

٢٠١٣

# تەمەن

ئا، لەو لاویەتیە کورتەدا
زۆر حەزم کرد
یەکێ هەبێ .
خۆشەویستیم پێ ببەخشێ
تاکو ئەویش
خۆشەویستیم لێ بچێژێ
کەچی تەمەن ..
هەر هەڵکشا و
پێکی لاویەتی لێ ڕشتم
نێرگزی بەهاری کوشتم
لەپایزی تەمەنمەوە
بە ئومێدم
لاو ببمەوە و
شیلاوی
ئەوین
هەڵمژم .!!

٢٠٠٠

## بەیانی باش

وەبیرتە بۆ یەکەم جار
بەیانی باشت لێ کردم .
دەزانی ..
من ئەو بەیانیە زانیم کەهەم .!!
هەر لەدوای ئەم بەیانیەش
زانیم جلی جوان لەبەر کەم
قژ شانەکەم .
گەنجێتیەکەم
بێنمە بەرهەم
خۆزگە ..
هەر ئەو بەیانیەش
بمزانیبا
زۆر ئەستەمە
بە تۆ بگەم ..!

٢٠١٤

# مانا

مانا ...
ئازیز بێ تۆ
ژیان هیچ مانایەك نادا
شادی وونە
ئارامیش،
تۆزێ لەدوای تۆ
هەگبەکەی بەکۆڵی دادا
تەنیا تاریکی و تەنیایی
میوانی دڵەی ماندوومن
هەر سەمفۆنیای دابران
گوێبیستی هەستی خەوتوومن
گوێچکەکانم
ئۆقرە بڕاون بۆ دەنگێ
بۆ چرپەیەك
کزە بایەك
هەر بۆ زەنگێ
چاوەڕوانم زوو دابڕێم لەدابڕان
لەتاریکی
لەتەنیایی
لەداڕمان

بگەمەوە بەو باوەشەی
کە لانەمە
چونکە دوور لەباوەشی تۆ
لەهەر کوێ بم
وا هەست دەکەم
لەکونجی
بەندیخانەمە .

٢٠١٤

# ئەڤین

ئەو وێنانەی
کە لەخەیاڵت دەیکێشی
قەت بەهەمان ڕەنگ و شێوە
لەواقیعدا دەرناکەون
ئەو ئیلهامەی
لەتەنکە خەمێك بەرهەم دێت
قەت وەکو خۆی
مەبەستەکەی خۆی ناپێکێت
ئەو ناسۆرەی
کە تا هەبیت لەگەڵتایە
هەر وەکو خۆی لەڕووخسارت
دەردەکەوێت
ئەڤین ..
سەرەتا خەیاڵە،
دوایش ئیلهام
تا هەتایەش
هەنگوینێکی گەلێ تاڵە .!!

٢٠١٤

جاران .
تێڕامانی هزرم
دووری دەدی
ئێستا .
هەر چەند بیرۆکەکان بینا دەکەم
لەبەر بینایی خەیاڵم توێ توێ دەکەم
کەچی ئەنجام
بەهیچ ناگەم .
چونکە ئەوەی کە دەیبینم
دوور و نزیك
بەهزر و نیگای خەیاڵم
تەنها و تەنها
دابڕانە
دابڕانیش
مردنێکی بەسوێ و ژانە .

٢٠١٤

هەست
خۆشەویستیت .
سامانێکە
لەگەنجینەی قارون دەچێت
خۆشەویستیت .
هەلۆیەکە
بەرز، بەرز، بەرز دەفڕێت
وا هەست نەکەی
لێت وەڕسبم .
دەزانم کە .
خۆشەویستیت
سەبرێکی ئەیوبیی
دەوێت .

٢٠١٣

بیستومە چەند ڕۆژێکە
لەهەواڵم دەپرسی
نازانم .
یادم دەکەی
یانیش لەمانم دەترسی
دڵەکەم .
دڵنیابە
لەراز و نهێنیەکان
تەنیا .
لەنێو دڵمدا هەن
دڵیشم .
لای تۆیە قوربان .

٢٠١٤

# دیاری

قوربان .
پەیامێکم پێ یە
نازانم چۆن بیگەیەنمە لات
کە دووری لێم
لەم چەند مانگە
روحم کردووە بەیەك ووشە و
رێك بۆ باڵات .
گەر کەم و کورَی تێدا بوو
وەك چۆن منت
کردە دیاری ئازیزانت
ئەویش وا بکە
بەخەڵات .

٢٠١٤/٩

تۆ پێت وایە .
ئەوەی دەیخوازی
لای تۆ ڕەوایە .؟
گەر ژینمت دەوێ .
فەرموو پێشکەش بێ
گەر روحمت دەوێ
هەر بۆ هەوەس بێ
بەڵام من هەرگیز
قەبوڵم نیە .
هەر یەك هەناسەم
بێ ئەوینی تۆ لەسینە دەرچێ
یان هیچ ناوێکم
بەر لەناوی تۆ
لەدەمدا دەرچێ .

٢٠١٤

# دروێنەی حەز

دروێنەی حەز
ئازیزەکەم .
خێرا وەرە
تابلۆی خەیاڵت وێنەکە
حەزەکانم دروێنە کە
دەست و پەنجەم
ئارامکەوە .
لێوەکانم
بەقەندی لێوت
شاد کەوە .
خێرا وەرە .
چیتر مەڵێ کەمێکی تر
کاسەی حەزم لێوان لێوە
لەو حەزانەی
کە تاجی حەزی دنیایە
کە شیرینی .
شیلەی هەموو هەنگی دنیای
لەنێو خۆیدا
مەلاس دایە .

ده دەرکەوە .
ئیتر بەرۆکت بەرنادەم
تاك رەورەوەی
بەردەوامی ژین و مانە
تاکە چێژی
بۆ ماوەیی
دایکە حەوا و باوکە ئادەم
منیش بۆیە پەلە دەکەم
ئیتر بەرۆکت بەرنادەم ..

٢٠١٤

# پیری

خۆزگە ..
ژیان، ژانەکانی
وەك شادیەکان
خۆش رەو بایە
یاخود بەهاری تەمەنمان
هەمیشە لەبرەو بایە
دوور لەخەزانی لاویەتی
بەبێ پایز ..
هەر گەنجی با . تا هەتایە .!!

٢٠١٤

گەر بێت و منداڵ ببمەوە
منداڵ . منداڵ
بیر و هزرم
هەر لای دەم و مەم و دایە .
ئەوساش .
پێم وانیە ناوت
لە دوای هەڵهاتنی خۆری
گەورە بوونم سەر هەڵبدات
دڵنیابە .
یاخود لەپێش
یانیش لەدوای
ووشەی دایە
ناوی تۆم
لەسەر زارایە .

٢٠١٤

# هاودەم

مانگ و دەریا .
دوو هاودەمی تەنیاییمە
ئامێزی دڵنەواییمە
لەدیدەنی .
ئەو دووانە قەت تێر نابم
ماندوو نابم .
چونكە،
عەشقت بەقەد فراوانی دەریا
گەورە و مەند و مات و شێتە
رووشت وەك مانگ
لە ئاسمانی ژیانی من
درەوشاوە .
بۆیە منیش بۆ هەمیشە
روحیشم تۆزی بەر پێتە .!

٢٠١٤/٩/٤

یادەکانت .
فێریان کردم
تەنیا نەبم
چونکە
ماچ و قاقا و بۆن و
بزە و نوکتە و نەرمە گاز و
قونچ و هەنیسك و برژانگ و
بەهار و
سەوزایی مانگ و
شیعر و گۆرانی و حەیران و
جوانی و پاکی و وشەی جوان و
زستان و
سەهۆڵ بەندان و
پایز و
گەڵا رێزان و
هەموو ژیانی لەخۆ گرتوون
یادەکانت .
سەمفۆنیای یادگاریەکانمان
دەژەنێ .
من دڵنیام کە گوێبیستی نیم
بەتەنێ .

٢٠١٤/٩/١٤

# خەیاڵ

ئەگەر ئەم جارە .
پێت شاد ببمەوە
لەترسی شەرمە
بەتیلە نیگا تەماشات ناکەم
هەر لەدوورەوە ..
دەنگ بچرپێنم بەنیوە چڵی
هەرگیز واناکەم .
ئەگەر ئەم جارە . .
تەمەن ڕێگەی دا
بەدیدار بگەم
گەر دوا هەناسەم لەو شوێنە بدەم
پەیمانم داوە
لەباوەشت کەم .

٢٠١٤/٩/١

# لۆمە

لەبورکانی سینەم گەڕێ
ڕووخساریشی داگرتوومە .
بەپایزم لێ نەگەڕای
کڵۆ . کڵۆ
بەفری سپیت
بەقژمەوە هەڵواسیوە .!
ئازیزەکەم
لێم ببورە ..
لەو لۆمەیەم .
لەدرکاندنی ئەو ڕازەم
من لەتۆوە
فێری ئەلف و بێی عیشق بووم
هەر لەتۆوەش
فێر دەبم .
کە بۆت پیر ببم .

٢٠١٣/١٢/١٥

# تووی فەرەنگی

ئەو کاتانەی .
کە پێم دەڵێی
خۆشم دەوێی
زیاتر لەخۆم .
وا ئەزانم ..
دەنکە تووێکی فەڕەنگی
نێو زاری تۆم .!
ئەو کاتانەی .
پێ دەکەنی
زۆر حەز دەکەم، ببمە ملوانکەیەکی جوان
بۆ ملی تۆ .
لەگەڵ هەنگاو هاویشتنت .
وەك بوکەڵەیەکی بزێو
هەنگاوێ بۆنی سینەت کەم .
هەنگاوێکیش
تەنها، لەگەردنت بخشێم .
کە داش نیشتی ...
کرنۆش بەرم
بەرە و ئەژنۆ .

۱۹۹۸/۱۱/۱۷

# نەخێر.

هەموو شەوێ
چاوەڕوانی ..
دوو دڵۆپ فرمێسك دەکەم
کە بتکێ لەچاوەکانم .
یان _ نەخێرێك _ بەرامبەرت
بۆم بترازێ لەزوبانم .
کەچی لەدوای
چەند کاژێرێك چاوەڕوانی
لەناخی خۆم
تەنیا، بەدوو دێرە شیعر
دەبێ هەڵرێژم
رازی خۆم .

٢٠١٣/١٢/٢

# ڕۆژگـار

ژیان ..
زۆر بە پەلە دەڕوات
بەخێرایی هەنگاو دەنێم
تا بیگەمێ
گەلێ جاران
چەند هەنگاوێ لەدوای ئەوم
جار . جارەش دوور دەکەومەوە
هەتاکو پێی دەگەمەوە .
پێویست دەکا هیچ نەخەوم
کەچی ..
من دڵنیام لەوەی
ڕۆژێك دادێ
ئەم ڕۆژگارە
تا هەتایە بەجێم دێڵێ .
ئینجا ئەوسا تێر دەخەوم .!!

٢٠١٠

# لوتکە

هەر کاتێك
کە دڵم تەنگ بێ .
یادی تۆ دڵ نەواییمە
لەگەڵ تۆش بم
تەمەن دەڕوا
بەڵام ئەوسا
وا هەست دەکەم
کە هەر لەلوتکەی لاویمە .

٢٠٠٨

# شیلە

ئەگەر .
جارێك لێت زویر بم
بە ئەسپایی
لێوت بنێ بەلێومەوە
من پێم وایە .
گەر شیلەی لێوت هەڵمژم
نەك زویریم
خۆشم تیایدا .
دەتوێمەوە .

٢٠٠٨

که شەو دادێ
سەرینەکەم ..
زۆر بەکزی بانگم دەکا .
دەچرپێنێ بەگوێچەکەما
دەڵێ هەڵسە .
نەکەویە خەو
تێر سەیری
خەرمانە و مانگ که
لەژێر تیشکی
زولفە زیوینیەکانیەوە
بزرێنە خەو .

٢٠٠٨

که من تۆم ویست
تۆش ..
منت ویست
ئیتر هەرگیز باکم نابێ
لەو ئاوات و هیوایانەی
کەخۆم دەمویست .
چونکە هەموویان .
باس و خواس و
هزر و بیریان
هەر لەباوەشی
تۆ دەدوان .

٢٠٠٧

ئەگەر تاوێ لەتۆ دوور بم
وا هەست دەکەم
ژیان وەستاوە
گڕی عەشقم
خەفە دەبێ و
دڵیش ..
هەر خەمی تیا ماوە .
بۆیە ئازیز ..
گەر رۆیشتی
جەستەی بێ روحم
جێمێڵە
ژین وەك ئاوی سازگاریش بێ
بەبێ تۆ بۆم
شڵوێ و لێڵە .

٢٠٠٨

# پێویستی

خۆشم دەوێی .
بەقەد، دووری نیگاکانمان
لەیەکتری
هەر چەند دووربی
تۆ لەناخمای
تۆ لەسایەم نزیکتری
تۆ ئاشنای روحی هەژار و
ئەو هەستە سەر شێتەی منی
من هەر ئەوەندە دەزانم .
ئەتۆ بۆ من
زۆر لە پێویست
پێویستتری ..!

٢٠٠١

# چاوی تۆ

چاوی تۆ جوانە
پڕ لەمانایە .
بۆنی سینەشت
عەتری خودایە .
ختوکە و ماچی گوێچکەی ناسکت
لەدوای مردنیش
لەروحم دایە .
هەستم شانەکە
هەر وەکو روحم .
هەر وەکو قژت بۆ شانە دەکەم
ناخم ئارامکە
هەر وەکو باڵات
کەوا باڵامی بۆ خەڵات دەکەم
ئەوەندەی چاوم،
دەبڕمە چاوت
دەبوا تا ئێستا
رەنگی گرتبا
کەچی نەمزانی
تەلیسمی خودا
زۆر جیاوازترە
لەرەنگی دنیا .!!

٢٠٠٨

## دوان لەگەڵ دەریادا

وەك یەك تەنیاین
هاودەمین، خامۆشین
مەندین دەشلەژێین
بێ سنور سەرخۆشین
تۆ مەستی هەزاران
نهێێنی بێ بنی
من دیلی ژیان و
تۆش دیلی ووشكانی
ئەی دەریا .
***
پێ ڵەكەت
گریانە .
سوتاوی بەر سەرمای
بۆ ژینی دووبارەت
سەر سورِ و بێ سەرمای
شەوت ..
رۆژ دەخوات و
رۆژت شەو دەكوژێ
مانگ و خۆر دەست لەملان
یەك بریار
ئەی دەریا ..
***

مرواری و مەرجانت
تەنیا خۆت خاوەن نیت
چەشنی تۆ .
خاوەنی هیچی خۆم نیم
ئەی دەریا ...!!
***
تۆ کاتێك
دەبیتە پارچەیەك لەتاوان
لە تاوان دەشلەژێی
من کاتێ ..
بەر نیگام، بەر گوێچەکەم
پڕ دەبێ لەتاوان
دەچلەکێم
ئەی دەریا ..
***
فرمێسکی سوێر و سورم
بۆ سوڕی
ئەو دەورانەیە .
هەژان و پێڵی بێ چارت
فرمێسکی منە
ئەی دەریا ..
***

هەرگیز لەمەرگ ناترسم
وەك چۆن . تۆ لەقاقای ئاگر
تەنها لەرووخان دەترسم
تۆش ...
لە بەستەڵەك و بەفر
***
ئەی دەریا ..
داد بۆ یاساولێکی
داد .
لە ئەدرێسی پڕ ئەڤینی سینەمانا
لە هەنیسکی هەر دووکمانا
زامی تراژیدیاکانی
بۆ بکردباین
بە ئەلبومی کامەرانی
لەو کاولگەی
لەو وێرانەی
لەو خمخانەی
ناوی جیهانە
ئەی دەریا ....!!!

١٩٩٩/١٢/٣

خۆزگە، منیش
تەنیا جارێ
مۆمی حەزم
لەتاریکی پێشهاتەکان
هەڵگیرسابا .
هەر بۆ ساتێ .
شادی ..
هەگبەی ساتەکانی کەنار روح و
پەراوێزی ویستەکانمی
لەباوەشی ..
ئارامیدا حەشار دابا .
***
خۆزگە، منیش
تەنیا جارێ
چێژی ئۆخەم
بۆن کردبا
لە سوچێکا . لەکەنارێ
***

خۆزگە منیش، تاکە خۆزگەی
خۆزگەکانم
دە هاتەدی
جەژنم کردبا ملوانکە
بۆ ملی هەموو شەهیدان
هەڵمدابا .
ئاڵاکەم
شەکاوە با
ئاخ، ئاڵایەکی
ئەبەدی .

١٩٩٦

چەنگاڵی راوی خەم ئەم شەو
لە ئەوگی .
خەیاڵم گیرە
حەزی تاساوی خنکاوم
لەباوەشی .
دیلی دیلە
گوڵە بەیبونی بەهاریم
لەخەزانی .
دووری تۆدا
سیسە گوڵێکی
زەلیلە .
ئەمشەو . ئەمشەو
سەر دەرناکەم
لەپێخەفی، دژە خەوم
لە گێژەنی جەنجاڵی
نا ئومێدیما
لەهەنگاونان بەرە و لوتکە
کەچی هەر بەرە و لێژیما
سەر دەرناکەم
لەتامەزرۆی ئەشکی شادی
بێ لانەییم ..

لەتەڵەی ژینی داهاتووی
(دێو جامەییم)*
ئەمشەو . ئەمشەو
لێم بووی
بەگڕی ووشەی نوکی خامەی
بێ دەنگیم
بووی بە ..
تیخی موتوربەی لاشەی سڕ و
سام گرتیم
دڵم پردێکی ساکارە
نەك هەر ئەمشەو
هەموو شەوێ
بنە و بارگەی چاوەڕوانی
پیا ڕەت دەبێ
چاوەکانم ..
بۆ هەمیشە لەئاسمانی
سامالێکی قوول دەڕوانی
کەچی لەپڕ چڵکە هەور
دادەپۆشێ سامالی شین
لەجیاتی ئەو
هەموو شەوێ چاوەکانم دادەباری .

١٩٩٨/٧/٣ / دێوجامە/

## بۆ جوانێكی لەخۆبایی

توخوا گیانە .
لەكەمەری شلی باڵات
رامەمێنە .
چونكە، چەمانی لەدوایە
بەچاوی جوان و عەیارت
تێم رامێنە
بەڵام بەچاوی ئادەمی
لێم رامێنە .
رۆژێك دادێ . ئەو چاوانەت
لەتین و دیقەت و سۆمای
تیژی خۆی بكەوێ
تۆش دادەبڕێی
لەجوانان و
دەگلێی لەنێو رەوتە كەوێ
ئێستا خەونت گەلێ خۆشە
خەونەكانت ..
ئەرخەوانین
رۆژانێك دێ
كە چاوانت ناچنە خەوێ

ئاخ، هەروانین
ئاویلکە و
گەوزانی پێخەف
لەگەڵ چەند کابوسە خەوێ
دەبنە سەڕابی رابردووت
دەبنە دوا میوانی روحت
تا لەجەستەت
نەترازێنن
دانابڕێن
دات دەبڕێنن .
جا ئەو کاتە
هەموو شەوێ
چاوی روحت تێر دەڕوانی
لە جێژوان و
لەخەونە سەوز و سورەکان
لەپێخەفی وەك زیندان و
لەئۆف و خۆزیا و بریاکان
ئەوساش ..
ئاخت بەردەوامە
کە ناتوانی
ئەو رازانە، بدرکێنی
بۆ زیندوان .

١٩٩٧

ئەمشەو بۆنی شیعر دەکەم
بۆنی بەهار .
بۆنی ژوان بۆنی ئاسمانی رووت دەکەم .
ئای . کە سەیرە .؟
لەم بەهەشتە دڵم تەنگە .!
چاوم کزە، زمان لەنگە
قورگم تاساو و بێ دەنگە .
گوێم .
هەڵخستوە بۆ دەنگێ .
سەمفۆنیای ماڵئاوایی
حەز و هەوەس لەباوەشی شۆخ و شەنگێ
زەنگی جودا بوونەوەیە
کە لەشێرەکە بانگی دا
ئەو بۆسەیەی کە تیشکی خۆر
خۆی لەنێوی مەلاس دابوو
زەنگی لێدا .
وا چرای ئاسۆ هەڵی کرد
شەوی ئاشقان هاتەوە
زەنگە . زەنگە .. شەوە زەنگە .
زەنگی جودا بوونەوەیە
زۆر درەنگە .

١٩٩٩/٣/٢٨

# تاسە

من دەترسم .
خەیامی حەزەکانی تۆ
دڵەی ساقی بەدڵ نەبێ و
لێی رابکا
من دەترسم .
ئەوینی تۆ
زامەکانم قوڵتر بکا .
تروسکەی روناکی ژینم
بەجارێ،
لێ بکوژێتەوە
شێوەی پەریت
بورکانێ بێ
لەترۆپکی حەزەکانم
بتەقتەوە .

١٩٩٧

دڵ تەنگ نیم بەوەی
دەیزانم
دڵ تەنگی ئەوەم .
دەزانم .
بێ جیاوازیم
لەگەڵ هەموو نەزانێکا
بێ هەڵوێستم .
لەگەڵ هەموو هەژانێکا
گەڵا . گەڵا
وا چرۆی لاویم هەڵوەری
کەچی زەمەن ..
هەر وەستاوە و
تێ نەپەڕی
تێ نەپەری لەو هەڵانەی
چەند سەدەیە
کە سەربەستی
لە هێلانەی دیلی دایە .
ئاهی ئازاد .
لەهەناسەی بڤە دایە .
قەلەمی تیژ

دەبێ بۆ دڵی نوسەر بێ
کاتی بەتاڵ
دەبێ بۆ یاری پۆکەر بێ
لاوی چاو گەش
تەنها فێری چەك بازێن بن
تەنها فێری .
برا کوژی و
زانست کوژی و
برسیەتی و جەور و هەڵدێر بن .

١٩٩٦

خۆمن .
دەمێکە دەزانم
حەزەکانم وەك زار تاوڵەی
چایخانەکان
بەکەیفی وان
هەڵگێر و وەرگێر دەبێتن .
خۆمن .
دەمێکە دەزانم
چارەنوسم وەك تابڵۆی دەستی منداڵان
رەنگ دەکرێ و دادەرشترێتن
خۆمن .
دەمێکە دەزانم کە نەزانم
بێ هەڵوێستم . بێ زوبانم
بەڵێن دەدەم
لەم رۆ بەدوا  هەرگێز ناڵێم
(ئەگەر گوڵ نیت دڕکیش مەبە)*
بەڵکو دەڵێم .
گەر نابیتە گوڵزاری ژین
هەمیشە دژی
دڕك بە .

١٩٩٦/٤/١٠

*پەندێکی کوردییە

# بمخوێنەوە

بم خوێنەوە .
چەند پیتێکی سەرشکاوم
ملوانکەی .
میدالیای تەمەنم
بۆ چەندین جار، لەدوا دەنکە مرواریدا
هەڵوەشاوە .
دووبارە هۆنیومەتەوە
هەر پیتێکم
لەدەریایێ ..
تاقیکردنەوە رواوە .
کۆ کراوەی
بیست و چەند ساڵی تەمەنم
گەلێ جاران .
لەشکری سەرشێتی وون بوون
هاتۆتە سەر ویستەکانم
بەهێزی ناخ .
ئا بەو هێزەی بەهیچ هێزێ
دانا هێرزێ
دووبارە خۆم، خستۆتەوە
نێو باوەشی ووشەکانم

***

بم خوێنەوە ..
ناخم بووە
بەسێبەری ئاوێنەیەك هەر چەند بەشێکی بوەستی
بە وێنەی واقیع
دەتبینێ .

***

بم خوێنەوە
ناخم بووە بە ئاژانسێك
حیلەی گشت ئەسپە شەلەکان
رووخانی لانەی مەلەکان
باڵی شکاوی پەپولە و
گریەی شەوانی ئاشقان
تەڕاتێن و رمبازێنی
نا ئاقلانەی
سەرکردەکان، ڕا و بۆچونی
رامیار زان و
ووشە هەرە فشۆڵەکان
ناخم گشت ئەوانە دەکات
دەکات بەزەنگی ژێر گوێچکەی
مناڵانی هەموو داکێك
وەك دەسرازە
دەیبەستم لەهەموو لانکێك.

١٩٩٧

# سەرەتای کۆتاییەکان

کۆچەرێکم
هەوارێ بەخۆم ناگرێ
لاپاڵێکی ئەم گەردوونە
نابێتە سێبەری ویستەم
خۆ هیچ بەستێ
نابێتە لەنگەری ئەشکم
ئاوەدانی هەموو دنیا
سترانی بێ دەنگی دەچڕێ
چەندین ساڵە .
هاوار دەکەم
هاوارەکانم دەخنکێن
هاوارە ئەی ئاوەدانی
هەڵمەیێن، مەڕۆن، مەتۆرێن
لەدوورگەی نەبوون
جێم مەهێڵن .
بۆ جێم دێڵن .؟
چەندین ساڵە
ئێسك و پڕوسكی شانەدەر
لەشەرواڵی .

کچی ئەنفال کراو دەکەم
دەچم بۆ بەر تەکیەگاهی
مافی مرۆڤ ..
تەنها یەك بەندە دەروێشی
مافی مرۆڤ
شین بۆ شینەکەم بگێڕێ
کەچی نەمدی ..
دەست و پەنجەی
ساوایانی هەڵبشیمام
ببێ بە پێنوسی هەستیان
تۆزێ تاوان
لەنێو سینە و ویژدانیان
داتەکێنێ
هەر دەبینم ..
کە چەکێکی نوێخواز
لەسەر بەرگەکەی نوسرابێ
ڕێز لەمافی مرۆڤ بگرن
من دەبم بەمۆر شکێنی
من دەبم بەسەنگی مەحەك
دەبم بەسوب
بۆ سەر خوانی
مەتح و سەنای بازاری چەك
کەچی نەمدی

هەر دەبینم
کۆتری ئاشتی
کلیلێکە و لەدەرگای مەحاڵ
وەستاوە .
ووشەی تیرۆر
بەنێو چەوانی نەکردم
هەڵواسراوە
هەر دەبینم
مافی مرۆڤ
راوچییەکە
هەر رۆژێك و هەڵۆیەکم
لێ راو دەکا
پێشکەشم بەناحەزانم
بەهاری وەرزم، دزراوە
هەر خۆم و خەم و خەزانم
بۆیە ناچارم هاوارکەم
هۆۆۆۆ . خەڵکینە ئاوەدانی
من خاوەنی پەرژینێکم
باوکە میدیام
بنیادی نا
من خاوەنی زمانێکم
زمانەکەم ..
شمشێری صلاح الدین بوو

لەنێو تەونی
جاڵجاڵۆکەیی ئێوەدا
خۆمی بڕی .
لەگەڵ پەیدا بوونی ئەزەل
چیاکانم ..
ئەستوندی ڕەشماڵی منن
لەدەستتان بێ دەریدێنن
هەر ئاوا ..
بەکپی و کڕی
دەزانم کە
بەقەد ئاشتی رقتان لێمە . لەبونمە
حەز دەکەن کە ...
بەقەنارەی ئۆقرەتانا
هەڵبواسرێم
لەژێر تیشکی نابینایی
هەڵپەسێردرێم
ئێوە (قازی) م لەدار دەدەن
هەر بۆ ئەوەی
چاوی کۆرپەمان ببەسترێ
ئەی نازانن ..
هەرگیز . هەرگیز
دایکی ووڵات
خەنجەر لەژێر سەری لانکی

کۆرپەکانمان هەڵناگرێ
ئەی نازانن ..
رقمان لەژێر سایەی
تەونەکەتاندا گڕ دەگرێ
ئەمجارەیان ..
لەژێر سایەی رقی پیرۆز
هاوار دەکەم
هاوارەکەم، دوا هاوارە
هاوار و رقی ئەمجارەم
ئاگرێکە ..
بەستەلەکی تەونی درۆ و
ساباتی گەڵای بێ رەگی
شەوی خامۆشی شادیتان
دەسوتێنێ
ئەمجارەیان ..
زمان دەکەم بەو شمشێرەی
کە زمانی، سەدان قتوا دەری
وەکو مەلای خەتێ ببڕێ
ئەمجارەیان ..
کۆتری ئاشتی
لەتەك ووشەی هەقا دەمرێ
ئەمجارەیان .

بەرد بە بەردی (ئەناوەرزام) *
بۆ دێنە گۆ
هەر بەردە و (حەمەدۆك) ێکە
سەری (عەبدی خان) تان دەبڕێ
دەبێ سەدان ئەتاتورك
لەژێر قینی
(شێخەکەی پیران) م بمرێ
ئەمجارەیان ..
قەڵای دمدم
بێ (خان) نابێ
تۆپەکەی وەستا (رەجەب) م
چەکی شای ئەسفەهان نابێ
ئەمجارەیان .
لەژێر سایەی رقی پیرۆز
دەبێ هەموو دوژمنێکم
لەقولغەی (بەردە قارەمان)
سەر نێتەوە .
دەبێ دیسان
(جەنگیز خان) م
ناوی گەورە گەورەکەتان
لە مێژوودا بسڕێتەوە
پەیمان . پەیمان
هەزار پەیمان

پێشکەش بەناحەزەکانم
ئەمجارەیان .
ئازاد دەبم
خۆم خاوەنی
دار و بەرد و لادێ و شاری
کوردستانم .

١٩٩٩/٢/٢٥
لەسـەر و بەنـدی دەسـتگیر کردنـی سـەرۆك ئاپـۆدا نـوسراوە لەگـەڵ کۆمەڵێـك شـیعری هاوشـێوەدا لەکتێبـی (پرشـنگی روح دەسـتگیر ناکـرێ بـڵاو کراوەتـەوە

ئەناوەرزا/زنجیرە چیایەکە لەباکوری کوردستان

# گەر نەنووسم

گەر نەنوسم
دەبێ خۆم، خۆم بخۆمەوە
فەزای شعوری پڕ گرم
به گۆمی فرمێسکەکان و
به ئاهی هەناسەکانم
سارد کەمەوە .
***
گەر نەنوسم
چۆن بتوانم
گازاندەکان
یا ئۆخژنە بەتاسەکان
لە پەراوێزی تەمەنم
بهۆنمەوە
***
گەر نەنوسم
چۆن بتوانم
بەدەوری رازەکانمدا
بخولێمەوە
یان وەك سەهۆڵ
لەژێر تیشکی نابینایی
بتوێمەوە .

١٩٩٧/١٢

# دوورگە ونبووەکان

مۆمەکان ..
بەخامۆشی داگیرساون
لەدەروازەی
چاوە خەواڵوەکانا
درزیان داوە
تیشکەکانیش هەڵتوتکاون
***

ساباتەکان چێنراون
خونچە گوڵە پشکوتوەکان
دەمی خۆیان
بۆ شاهەنگە بێ شیلەکان
کردۆتەوە
بەس گوڵێ ویستەم لێ وونە
چونکە ویستەم
نەچێنراوە
گەر بپرسم
خۆم وەڵامەکەم لەلایە
کەوتوەتە بەر شەپۆڵی ڕەشەباوە
***

بەزم و ئاهەنگ ڕێکخراوە
گشت ووردەکاری کراوە
ئەوەی کە ئامادەنیە
هەر خامە ڕەسەنەکانن
ئێمە چیبکەین، بەرۆژونە
تەمەنێکە ..
وشەی ئازاد و ڕاشکاو
لەپاڵ سەردەمدا خەوتووە .

***

لەم دوورگەیە
لەگەڵ خۆری ئازادیدا
شەوی یەڵدا، سەری هەڵدا
هەر ئەم شەوە
هەموو خەونە سپیەکانمان
ئاوەژوو بوون
جەلادە شارەزاکانیان
جلی سادە و جوانیان پۆشی
زیندانیەکان گوازرانەوە
لەو ساتەوە، ناومان لێنا
دوورگەی شادی و
حەسانەوە .

١٩٩٩/١/٥

# کۆنگرە بەستان

پێویستمانە ..
کۆنگرەیەکمان پێویستە
بە بەشداری ...
شاخ و دۆڵ و دەشت و دەر و
هەر چوار وەرز و
گوڵ و دار و دەوەنەوە .
بە بەشداری ..
شەهیدان و
نیوە مردووی ناو زیندان و
ژینگەی دوێنێ و
ئێستا و
سبەی زەمەنەوە .
بە بەشداری ..
باوە گەورە
تراژیدیا
ئاسودەیش بانگهێش دەکەین
لەوانەیە
سەرێك بدا .
ئامان . نەکەن .!

بەرامەی عەتری ڕابردوو

پرسی سەرکردەکان بکەن .!!
چونکە ئەوان ..
مەرجیان هەیە
تەنها دوو مەرج .!
مەرجی یەکەمیان ئەوەیە
شوێنی کۆنگرە بەستنمان
خوێنی کوردی تیا نەڕژایێ .!!
کاتەکەش
کاتێکی وابێ
لەو کاتەدا
میللەت چەواشە نەکرابێ .!!!
بەم دوو مەرجە
دیسان ئەوان براوەن و
وەك هەمیشە دەیبەنەوە
نابێ ئاوڕیش
لەکۆنگرە بدەینەوە .

**جۆزەردانی/ ١٩٩٨**

# خاچ

خۆزگە هەردەم
شۆڕەسواری خەیاڵت بام
هەر بە تەنیا
میوانی خەونەکانت بام
ئەو هاودەمەی
لە هزرت وێنەت کێشاوە
کە لێو و لەبتی پێشکەش کەی
قەد و باڵاتی بۆ ڕاخەی
باسکتی بۆ بکەی بە سەرین
غەرقی خۆتی
کەی لە ئەوین
خۆزگە من بام.. هەر تەنیا خۆم
میوانی جوتە سێوت بام
تەنیا جارێك .
لەم لێوانەت
بمدەیە ماچ
ئامادەم، گەر
لەدوای ماچت
بدرێم لەخاچ .

٢٠١٤/١٢/٢٠

هاوڕێکانم . بەمن دەڵێن
وا دەزانی،
هەر بەتەنیا تۆ عاشقیت
عیشق زانی
بەتەنیا تۆ، ئازاری عەشق دەزانی
من لام وایە ...
کەس بەقەد من عاشق نیە.
ئەگەر وەکو من عاشق بن
ئاوێنە رەواجی نابێ
رۆژنامە و گۆڤار و کتێب
بەهیچ کەس ناخوێندرێتەوە
دیواری سپی ژوورەکان
لەرەنگی سپی دەچنەوە
ئاسمانیش ..
بۆ هەمیشە
کۆلکە زیرینەیی دەبێ
نەك وەك ئێستا
لەو ئاسمانە شین و جوانە
هەر تۆی تیا دەبینم گیانە
کەسەیری ئاوێنە دەکەم
پەڕەی کتێب و رۆژنامە

دەبن بەتۆ
وێنەکانت
لەسەر دیواری ژوورمن
وەکو تابلۆ
بۆیە ئازیز...
من پێم وایە
کەس وەکو من عاشق نیە
کەس وێنەی خۆشەویستەکەی
گلێنەی چاوانی نییە.

**٢٠١٤/١٢/٢٦ ئەستەمبۆڵ**

پێویست ناکا .
خۆت زویر کەی
تاکو شیعرت بۆ بنوسم
هەر کاتێکی
حەزت لەشیعرێکی من بوو
من زویر کە
کە بەزویریت دەبینم
نەك تەنها شیعرم بۆ نایێ
باوەڕ بکە
بەر دەمی خۆشم نابینم .!

**٢٠١٤/١٢/٢٠**

# بزە

ئەمە چی بوو ئەم بزەیە
کە بزەت کرد
چاوەکانت لەگەڵ کز کرد
نەرمە گازت لەلێوت گرت
ئەبرۆکانیشت تێك چەقاند
ووردە . ووردە
منت دواند
هەر بۆ ئەوەت بوو پێم بڵێی
ئاواش گاز دەگرم لەروحت
بەم بزەیە و بەم نیگایە
تێك دەشکێنم
هەرچی هێز و گوڕت تیایە .

## تاڵی قژ

گوڵزادەکەم .
هەرچەند قژی رەشی خاوت
بەپەنجە لەرزۆکەکانم
شانە دەکەم
هەر تاڵێکی
ئیلهامێکە
هۆنینەوەی
چەند شیعرێکی
تەڕ و تازە دێنە بەرهەم .

# زەنگی ناوەختە

ئازیزەکەم ..
تۆ گوتوتە زەنگ لێمەدە لەناوەختا
بەڵام ئەمرۆ
لەو ناوەختە زەنگم لێدا
لەو کاتەدا ..
سەیری ئاوێنەکەم دەکرد
هاتەوە بیرم، کە دەت گوت
تۆ ئاوێنەی دڵی منی
لەپڕ ئاوێنە درزی دا
بۆیە یەکسەر
دەستم بۆ تەلەفۆن برد و
زەنگێکی ناوەختەم لێدا .

ئازیزەکەم
داوا دەکەی
لەم سروشتە سەوز و جوانە
کۆللارەیەکت بۆ هەڵدەم
بۆ نازانی ..
سەردەمێکە
خۆم کۆللارەی دەستی تۆم و
لەئاسمانی ..
خۆشەویستیدا خول دەخۆم
جەڵەوم
لەدەستی تۆیە و
بەکەیفی تۆیە هاتووچۆم . !!

# ساڵی تازە

چۆن بتوانم .
ساڵی تازەت لێ پیرۆز کەم
گەر نەتوانی
بۆ چوار خولەك
لێوت لەسەر لێوم دابێ
دوو خۆلەك
بۆ کۆتایی ساڵ
دوو خولەکیش
بۆ یەك ماچ بێ .!
لەجیاتی ماچی یەك ساڵ بێ

# ساڵی تازە

یاد
ئەمشەو یادی ..
دەنکە ترێی چاوەکانت
بوون بەشەڕاب
هەگبەی راز و نهێنی ئاوازەکانت
بوون بەمەزە و
مێزی نایاب
درەنگانێك ..
بوون بەدوو دڵۆپ فرمێسك و
لەدوایشدا
بوون بەسەڕاب .

# بۆ کۆبانێ

وەڵامێک بۆ (مام هێمن)

هۆ مام هێمن .
ئەو شیرینانەی کە دەت ویست
لەشیرینی (وەفایی) نەچن
ئێستا گشتیان
لە(کۆبانێ) ن
هەموویان جوانن
شۆخ و شەنگن
شەنگە بێرین
بەڵام ئێستا
هیچیان ناچن
بۆ مەڕ دۆشین
بەڵێنیان بەم خاکە داوە
تا وەك پەز بن
خاك ژێر دەست بن
لەجیاتی مەشکە و مەڕ دۆشین
چەك بەدەست بن .

٢٠١٤/١٢/٢٠

ئەو هەناسەی ...
لەسینەی ستەم دەردەچێ
هاوارێکی
(داد) ی پێیە
خۆشحاڵم کە، ستەم دەزێ
وەك دووپشك
خۆی دەتەقێ
جا . تۆڵە لەدایك دەبێ

۲۰۱٤/۹/۲٤

# ئەم وڵاتە

لەوەتەی بەبیری مێژوو دێ
کەرنەڤاڵی ئەهریمەن لەم وڵاتەدا
بەردەوامە و بێ ئامانە
گریە و ئاهو خۆزگە و بریا
بۆ دوژمنان .
هەر وەك ئاوازی کەمانە رەشبەڵەکیان .
چەوتی و سپڵەیی و تەڵەیە
راستی لەبێ دەنگی وونە
لەنێو بوونی خۆیدا وونە
ئەو . پێستەی دەهۆڵەکەیە
روحی فریشتەیی شاباشە
بەستە بێژمان .
هەم لەو لایە، هەم لەو لاشە
نازانم کەی .؟
تاوانە بەفرینیەکانمان
لەبۆرسەی بازاری رەشیان
لەنێو بزەی پڕ لەهەستیان دەتوێتەوە .
نازانم کەی .؟
لەنێو تابلۆی ئازادیدا
راستی خۆی دەدۆزێتەوە

**نەورۆزی/ ١٩٩٨**

بۆ هەمیشە .
تۆ نۆبەرەی خەمەکانمی
تۆ ئەدرێسی تراژیدیای
زەییت سوتاند
تۆ پارچەیەك لەگیانمی بۆ هەمیشە .
لەشانزەی سێ
گوڵە نێرگز، گوڵە هێرۆ
نیگای چاوی شەهیدانتە
دەڕوانێتە .
مەڵبەندی عەشق و جوانی دێ
بۆ هەمیشە .
هەنیسکی خنکاوی ئێوە
بزەی سوتاوی سەر لێوە
هەموو ساڵێ لەشانزەی سێ
لەچاوی ئاسمانیش ئەشك دەبینرێ
ئەی پێنج هەزار فریشتەکەم
ئەی پێنج هەزار ئەویندار و
هەست و سۆزی
دایك و باوكی نەتەوەکەم
ئێوە پەیکەری ئازادین
ئێوە لەناخماندا دەژین
هەموو ساڵی،لەشانزەی سێ
بەهەستەوە بۆتان دەگرین

١٩٩٩

# من و هەور

هەوریش وەك من گەڕیدەیە
چرکە چرکی ساتەکانی ژیان دەژمێرێ
دوور لەنیگاکانی مەرگ
بەدوای تاوێ ژینی سەربەست دا دەگەڕێ
هەر مل دەنێ
خۆی نازانێ
بۆ چ دەور و سەردەمێکا
بۆ چ هەرد و کێو و لوتکەی ئەستەمێکا
هەنگاو دەنێ .
وەستانی خۆی لەدەست نیە
لەئاسمانێکی بێ سنور هاوار دەکا و
گوێی لەسەدای دەنگی نیە
هەر وەکو من .
ئاشنای پێشهاتەکان دەبێ
دەست لەملانی
مەرگەساتی ژیان دەبێ
دوا هەنگاوی لەبەردەم ئامادە دەبێ
من لەگەڵ ئەو .
تەنها مەرگمان جیاوازە
ئەو دوای مەرگ جوانتر دەبێ
دوای مەرگ شیرنتر دەبێ

بەرامەی عەتری ڕابردوو

رووده‌چێته ناخی خاك و
سه‌وزایی و ژیانمان بۆ دێنێ
روحیشی كۆلكه زێڕینه
له‌ئاسمانی شین ده‌چێنێ
كه‌چی منیش له‌دوای مه‌رگ
خۆم و چه‌ند رۆژێ دوای خۆم ژین
دوای مردن، هه‌تا مردن
ئه‌و بونه‌وه‌ره ئاوایه
تۆ سوته‌مه‌نی منیت
منیش سوته‌مه‌نی چه‌ندان
چه‌ندانیش بۆ چه‌ندانی تر
ژیان وایه
وه‌كو تۆڕی جاڵجاڵۆكه
تێك ئاڵایه .

١٩٩٨/١٠/٤

زەنگ لێدەدەم
بۆ بینینێ . بۆ تەلیسمێ
لەدەوری خەرمانەی خەیاڵ
بۆ بیستنی .
چەپکێ لەنهێنی ئەزەل
لەگرێ گوێرەی، بێ کلیلی دەرگای مەحاڵ
***
حەز لەتەنیایی خۆم دەکەم
تەنیا، تەنیا
وێڵم بەدوای وێڵ بوونی خۆم
بۆ زانینی نەزانراوی
بێ شیکاری ئەم ژیانە
لەگێژەنی گێژی سەرم
سەر سوڕماوم
بۆ بینینی نەبینراوی
بەر بینایی هەر دوو چاوم
***

# زەنگ

زۆر دەترسم خۆم وون بکەم
لەنێو منداڵی ئەمڕۆما و
پیری سبەی
لەنێوانی ڕەشەکوژی خرۆکەی ناخ
بۆ دەرچوونی ویستەی جەستەم
بەڵێ بۆیە، زەنگ لێدەدەم
زەنگ لەدەرگای مەحاڵ دەدەم
چاوەڕوانی بێ چاوەڕێم
داچۆڕانی مۆمی تەمەن
خەریکە بەم تەرزە تیشکەی
دەرگای وونم بۆ واڵا کا
کە لەوانەیە مەحاڵ بێ
بەڵام تازە واز هێنانم
سەر دەستەی مەحاڵەکانە.

**١٩٩٨**

# حاڵیبوون

با ملوانکەی ووشەکانم
لەریز بەندی
هەسارەی خۆیان لانەدەن .
با.پیت پیتی هەنگی ووشەم
لەبزەی لێوی گوڵ ئاسات
نەتۆرێن و ڕێ وون نەکەم
بمدوێنە .
با فرمێسکی قەتیسماوی چاوەڕوانیم
پێکی تەمەنم قڕ نەکا
با هەسانی نامورادی
شمشێری حەز و ئاواتم نەخەسێنێ و
مردەی نەکا
بمدوێنە ..
تاکو زیاتر لێم تێبگەی
تابزانی ..
منیش وەك تۆ، وەك ئاوێنە
وێڵم بەدوای
عیشقێکی پاك و بێ وێنە .

٢٠٠١/١١/٢٤

# لێم ببوورە

پێشکەشە بەو خانمەی
کە نەیزانی خۆشی بوێم

من منداڵ بووم .
ئەو کاتەی کە گڕی عەشقت
خولیای ئاکار و جوانیم بوو
ئەو کاتەی کە .
هەموو سۆز و بیر کردنەوەت
هەموو ڕەفتار و کردەوەت
ویستەت .
ڕەزامەندی من بوو .
بەڵێ ئەو کات..
دوو خونچە بووین
نە پەروانە و نە هیچ هەنگێ
نەباران، نەخوناو، نەشێ
لەسەر رووخساری پاکماندا
تامەزرۆکەی نەشکاندبوو
ئەو کات هێشتا ..
چاوەکانمان
نە ببون . بە ئەلبومێکی پەرتەوازە
ژێی زمانمان ..
نەببون، بەچەندین رازی بێ ئەندازە
پەلەی عیشقت وای لێکردم
ببم بەدەفرێ ئاوی سارد
لەخەوی ئەویندارێتدا راچلەکێنم
پەلەی عیشقت وای لێکردم

پریاسکەی نهێنیەکانم
بکەم بەزەنگوڵەی قافلەی
قەتار چیانی ڕێگەی ئەوین
پێش گەیشتن ..
ڕەنگوڵەکە بهەژێنم
پەلەی عیشقت وای لێکردم
کە چەند ساڵێ
تەنکە رقێکی بەفرینی
لەدەروونی هەردووکمانا
خەونە ئەرخەوانیەکانمان بتۆرێنێ
لێم ببورە ...
لە ئەوساش و لە ئێستاشا
چونکە ئێستا .
لەباخەڵی هەموو جادووگەرانی شار
جوانیەکەت جادووی بەتاڵە
چونکە ئێستا ..
زمانی عەشق و دڵداریم
لە بەرامبەر
تەزووی ناکامی ڕەفتارت
کەڕ و لاڵە.

١٩٩٦

# بۆ کچەکەم

بێرەو خان

کچۆلەکەم ..
هێشتا لەماچی منداڵیت تێر نەبوومە
بۆ گەورە بوویت ..؟
هە روەك سەر و سیمای خۆمی
هێشتا چاوم
نەخشی رەشێتی موی سەرمی
تێر نەدیبوو .
کە سپی بوو . !!
ئەی رۆژگاری کورت و بێ خێر
ئەی ژینی پڕ چەرمەسەری و سەخت و هەڵدێر
کە نەتهێشت من ئارام بژیم
هەر لێگەرێ لەو تابلۆیەی کە کێشاومە
بۆ جگەر گۆشە جوانەکەم
لێی تێ بگا و تێی بڕوانێ
بەڵکو ئەویش .
بەرە و لوتکە هەنگاو بنێ
چێژی سەربەستی بزانێ

٢٠١٤/١١/٢٦

# ع.ە.ش.ق

لەرێی کاکێشانی ئاسمانی خەیاڵمدا
تۆم هەڵبژارد
لەڕەنگاڵەی خەونە سادە و خۆشەکانم
لەجوانیدا ...
لەرەوشت و سەر بڵندی لەژێریدا ..
لەسەر بەستی بریار داندا
لەخانەقای کۆڕی گەرمی عاشقاندا .
تۆم هەڵبژارد
من وەك خاکێکی تینو بووم
هەوری شادیم لەدەروازەی چاوەکانت
بەدی نەکرد .
باڵدارێکی بێ لانە بووم
گوڵی تەلاری ئاواتم،لەسینەی تۆدا
بۆن نەکرد
نەمزانی کە چاوەکانت
بەدرۆ موتوربە کراوە
دڵت پڕی، هێلانەی خاپور کراوە
تازە زانیم .
لەفەرهەنگی زمانتدا، ووشەی عەشق
تەنها و تەنها چوار پیت بووە
زۆر بێ مانا و بێ کاکڵ و بێ بۆ بووە .

١٩٩٧

ئەی قەدەرم .
توخوا هێندە قورس مەبە
بەس بەمەبەستی سوك بوونم
باوەڕ بکە .
کە ئیرادە و قەدەری خۆم
بەهیچ کەسێکا ناسپێرم
من بەڵێنم بەخۆم داوە
هەر کات روحم بەخوا سپارد
ئەم دووانەش .
بەمێژووی دوای خۆم دەسپێرم

٢٠١٤/١٠/٢

# تابلۆی پیری

پیرێکی پشت کۆمی داماو
دەیڕوانیە زەردەی خۆر ئاوا
چاوەکانی ..
ئەلبومی پەرێشانی بوون
دەست و پەنجە و بەژن و باڵای
دوور لەرۆژانی جوانی بوون
ئاهو ناڵە بەسەر چووەکانی دەسوتاند
تابلۆی پیری
بەنوکی گۆچان دەنەخشاند
هەروەکو چۆن کە شاعیران
فرمێسکی چاو
لەنوکی خامە دەتکێنن
چەشنی ئەوان
هەناسەسوار، شەکەت، لەرزۆك
هەر وەك ئەوەی
تازە سەرەتای لاوی بێ
بۆ یەکەم جار لەجێژوانێ
دەست بەرێ بۆ سینە و بەرۆك
لێیم پرسی .
ئەرێ خالۆ .؟

پێم نالێی، ژیان مانای چیە .؟؟
هەموو لاوێکی وەکو من
سبەینێی تۆن .؟
سبەینێی تۆش
چنگێ ئێسك و خۆڵ و گلکۆن
بەهەزارانی وەکو من
بۆ وەڵامی ئەم پرسانە
دەستە و ئەژنۆن ؟
لەدوای ئاوابوونی خۆردا
بەبزەیەك، هاتە وەڵام
ووتی رۆڵە .
ئێمە لەنەبوەوە هاتوین
هەر ئەویشە .
بۆ سەرچاوەی وونی خۆی
دەمانباتەوە
بەس وابکە
مێژووی دوا خۆت
بەرووی سپی و شادومانی
لاپەرەی تۆ
هەڵداتەوە

١٩٩٧

# هەنار و یاد

که سەیری وێنەکەت دەکەم
چەند ماندوو بم .
نەخەوتوو بم .
ئارام دەبێتەوە روح و
جەستە ماندوو و شەکەتەکەم
که سەیری لێویشت دەکەم
وەك ئەوەی ئیشتیهام هەبێ
بۆ مزریەك بۆ هەنارێ
دەم و زارم پڕ ئاو دەبێ
لەدوای قوت دانی ئاوەکە
فرمێسکم لەچاو دەبارێ
که سەیری باڵاشت دەکەم
زیاتر رقم لەخۆم دەبێ
به دابڕان لەم باڵایه
چۆن هەناسەم دێت و دەچێ
ئازیزم تۆش ..
سەیری وێنەکانم دەکەی ؟
یادی ماچەکانی دوێنێ و
ژوانه پڕ چێژەکان دەکەی ؟
یاخود ماچ و یادەکانت
لەگەڵ دواین ماڵئاوایی
ناشتنت وەك مردووەکانت .!؟

٢٠١٥/١/١٢

هەموو خەڵك .
بەدیدەنی عاشقەکەی
دڵ خۆش دەبێ .
هەر من نەبێ !
هەموو خەڵك .
بەدەنگی پڕ سۆزی یاری
بزەی لەلێوان دەباری
هەر من نەبێ .!
هەموو خەڵك .
بەهێمنی عاشق دەبن
نەك وەکو من،
سەرشێتانە
تەنها لەگەڵ دیدەنیتدا
بەهەفتەیەك نایەمەوە
دۆخی جاران .
ئەو ووشانەی لەدیدارێکدا
دەیبیستم
لەگوێچکەم دەزرینگێتەوە
دادەپرژێن بەنێو سینە
و ناخ و هەستم

وەکو باران .
بۆیە گوڵم .
من حەز دەکەم
لەئامێزی ژینم بگری
نەك بۆ ساتێ بتبینم و
هەمیشە بۆ دووریم بگری
گوێچکەم دەنگی تۆی لێ نەبڕێ
جگە لەتۆ
گوێ بۆ دەنگێکی تر نەگرێ .

ئەی زێدەکەم .
دوێنێ زۆر یەقینت کردم
کە بەقاقاوە پێت ووتم
ئارام و لەسەرە خۆبە
تۆ شایەنی ئەم جێ یە نیت
جێگەی تۆ لەشێت خانەیە
من سەردەمێکە پێت دەڵێم
کە خۆشەویستی من بۆ تۆ
یەکجار . یەکجار .
شێتانەیە .

٢٠١٥/٢/١

# مەتەڵ

ئازیز دوێنێ
کە دواهەمین شیعری خۆمم
لە کاغەزەکە بەتۆ دا
تۆش بەرامبەرم دانیشتی
لەبەرە خۆت
شیعرەکەمت دەخوێندەوە
من بەجولەی لێوەکانت
ووشەکانم
یەکە یەکە، لەسینەمدا دەچێندەوە
ئەمرۆ هەمان
ووشەکانی دوێنێی خۆمم دروێنە کرد
کاتێ لەتەك یەکم دانان
هیچ شێوەی یەکتریان نەدەکرد
لەدوای چەندین جار تێڕامان
ئینجا زانیم
شیعری ئەمرۆم
تامی ماچی لێوەکانی تۆی کردبوو
بۆیە ئەوها لێکتر جودان .

ئەمرۆ بینیم
کۆرپەلەیەك
لەباوەشی یاری دەکرد
دەستی لەهەوك و
لەزولف و
لەگەردنیدا گیر دەکرد
ئەویش .
نەرم، نەرم
هێدی، هێدی
بەجوتە لێوی گوڵ ئاسای
بزەی بۆ کۆرپەکەی دەکرد

١٩٩٩

## بۆ مامڵێ

کەی دێیتەوە .
کۆڕی گەرمی ئاشقان و
کوچە و کۆڵانی مهاباد
بەچریکەت
ساز کەیتەوە
ئەو دەنگەی تۆ
بە تەنها بۆ گوێچکە نیە
بۆ هەست
بۆ بیر
بۆ دڵ شادی و دڵ تەنگیە
بۆ دڵ تەنگی،
قەتارەکان
کە بۆ کۆڕی ئاشقانەی
ئەشك بازان
دێنە سەرخوان
لەدڵ شادیش
(کاتی بەهارە) کەت بەسە
لەشەوگاری تەنیایشدا
کە (سەر دەنێیتە سەر ڕانی تابەیانی)
بەراستی زۆر بەهەوەسە
نازانم باسی چیت بکەم .!

بەرامەی عەتری ڕابردوو

کامە ئاواز ...
کام گۆرانی .
(بازی بێریان) یا (زەمانە)
(یادی بەخێر) یا (شەوانە)
(کۆچی سور) ت یا (بارانە)
ئەوەندەت باسی رووخسار و
خەت و خاڵی یار کردووە
هەرچی کچی موکریانە
لەجوانی خۆی شەرمەزارە و
قەرزاری خۆتت کردووە

ئازیزەکەم .
من ئیرەیی بەکەس نابەم
ئەگەر خاوەنی هەرچی بن
نابێتە تۆ .
ئیرەیم بەس بەدڵی خۆم دێ
بە تەنیا ئەو
چونکە بێ تۆ
لەژەنینی ترپەی خۆی
بەردەوام نابێ و
ناژی بێ تۆ .

# بەدگومانی

وام دەزانی .
تەنها گومان
لەکچانی دەور و بەری خۆمان دەکەی
تازە زانیم .
کەوا، لەوێنەکەی خۆشت بەگومانی
دڵنیابە ..
گەر چاویشم بەدوای کچانی تردابێ
نەروح،
نەدڵ
نە جەستەشم جگە لەتۆ
ئاوێتەی روحی تر نابێ .

# خۆشەویستی

ئەم ووشەیەی
سەردەمێکە
بەدوای پێناسەی دا وێڵم
سەرم کرد سەرم کرد بەزۆر پەرتوکدا
بەزۆر فەرهەنگ
لە زۆر کۆڕ و گفتوگۆدا
جوت و کێڵانی کرد بێڵم
کەسێ نەبوو
وشەکەم بۆ شیکاتەوە
دڵم پێی ئاو بخواتەوە
(خۆشەویستی)
دووەم نهێنی ئەزەلە
یا ئەو بەروبومی روحە
یا روح بەر و بومی ئەوە
پێم وانیە ..
لەرای خۆمدا بەتەنیا بم
چونکە من کەسێك شك نابەم
ئەم دووانەم، بۆ لەیەکتر جیا کاتەوە و
لەراکەی ئەو
دڵنیابم .

## بۆ دایم

هۆ دایە گیان ..
وا مەزانە تۆ پیر بوویت و
لەفەرهەنگی پاراستنم
سڕایتەوە
هەر چەندی تەمەن هەڵدەکشێ
روحم زیاتر
بەرە و باوەشی تۆ دەخشێ .!
تا ئێستاکەش .
خۆم لەپەنای
دیوارە بەردینەکانی
قەڵای باوەشی مەحکەمت
حەشار داوە .
بۆیە، ترس و دڵە راوکێم
لەئەدرێسی ژینی خۆمدا
وەلا ناوە ..!!!

## پیرۆزبایی

لە یادی لەدایکبوونی (ئاری) برام نووسراوە

پیرۆزبایی چیت لێ بکەم
لەکاتێکدا ..
لەرووخسارت .
چورچ و لۆچی
لەقژیشت ..
ماش و برنج تێکەڵ بووە
مەڵێ دڵم گەنجانەیە
ئاوڕێ لەدوای خۆت بەرەوە
پیریش بەخۆیی و گۆچانی
بەدوای لاوێتیت کەوتووە

## جاران و ئێستا

جاران خورەی تاڤگەکانم زۆر پێ خۆش بوو
قاسپەی کەو و
سەدای یار و
بەزمی ئاهەنگی شەوانم
هەمان دەنگ بوو
سەیر کردنی سروشتی جوان
لەبەهاران .
چاوانم بۆی بەپەرۆش بوو
***

بۆنی خۆڵی دوای باران و
بۆنی سینە و
بۆنی شەوبۆ
هەمان بۆن بوو
دەست لێدانی پەڕەی گوڵ و
پل خشانی شان و مل و
گوشینی مەم
یەك ختوکە
و یەك تەوژمی ناخی من بوو
***

جاران تامی ..
دۆی کوندەڵان
نانی تیری
هەنگوینی شاخ
ئاوی کانی
لەگەڵ لێو و لەبی تۆدا
هەر یەك تام بوون
بەماچ و موچ تا بەیانی
***

ئێستا خورە،
بۆتە هاڕە و پەستم دەکا
سروشتی جوان هەر وەك جاران
بەهاریەتی و
پایزی من قەبوڵ ناکا
بۆنی پیری و بۆنی مەرگ
بۆنی خۆڵی دوای بارانم (تەرە) دەکا
پەنجەکانم تا بەیانی
شان و ملی ئازارەکانم دەشێلێ
ئاویلکە و خەو دوو دوژمنن
رمبازێنی ناو وەتاغ و
تەراتێن لەهەستم دەکا .!!!

که منالّ بووم
شەوی جەژن نەدەخەوتم
لەنێو پێخەف
خۆم جلە تازەکانم
تا بەیانی
نەدەسرەوتم
خۆزگە ئێستاش
جلێك،
جەژنێك
شتێك هەبا
ئاوا دڵخۆشی کردبام
سەرمەستی ژینی کردبام .!!

**٢٠١٤/٧/٢٨**

## دوامەنزڵ

پەلەی چیتە
دوا مەنزڵگات ئەو شوێنەیە
گە لێی دەترسی و رادەکەی
ژیرانەتر بیر بکەوە
ئارامی بکە بەمەشخەڵ
ژیان بەچی سەودا دەکەی .؟
مەشخەڵی خود داگیرسێنە
کوچە تەنك و تاریکەکانی نێو سینەت
پێ رۆشنکە .
ببە بە پەڕەچی عەشق و
پەڕەی خەمەکانت بکە و
خەیاڵت بکە بەوێنە .

٢٠١٤/٦/٨

## چێژی ژیان

گەر لەئەزەلەوە بزانین
چێژی ژیان لەچی دایە
بەختەوەری و
سوكنایی روح لەپەڕاوی
كامە پەیڕەو
كام بیرۆكە و هەگبەدایە
جا دەزانین ..
ئاهی خۆزیا و پەشیمانی
لەرەگ و ریشە دەربێنین
دەبێ ئاهو پەرێشانی
فرمێسك و گریەی تێدابێ
تا، تام لەختوكەی شادی و
ئازادی ژین وە دەست بێنین .

## بۆ شوان پەروەر

پەروەرەکەم
جاران سەدات دێمکەی ئاو بوو
لەمۆڵگە و سەنگەری مەردان
نۆردوی نان بوو
بۆ پێشمەرگەی بەهەڵمەت و بۆ بەرخودان
ئێستاش چریکەی قولینگیت
فێرمان دەکات .

لەرەنگاڵەی نەتەوەیی
یەك پام و
یەك هاوار و
یەك زمان بین
لەبەرامبەر ئەو دوژمنەی
کە دەیەوێ
قڕمان بکات .

٢٠١٥/٢/٢٦

بەیانیان .
کاتێ بە بەردەمما گوزەر دەکەی
من پێم وایە .
بێ ئەوەی کە تێم رامێنی
بەنێو خەونی ئەمشەومدا گوزەر دەکەی
لەگەڵ هەڵکێشانی ئاهم
بۆنی سوێی هەناسەم دەکەی
لەدەرنەبڕینی رازمدا
هەست بەووشکی زارم دەکەی
کە چەند تینوی عەشقی تۆمە
بۆ تۆ چەند بێ تان و پۆمە
من دەترسم .
رازەکانم لەبەر دەمتا بدرکێنم
نەوەك بەرگەی .
رەشەبای زامی من نەگری و
بت ژاکێنم .

# خەم داتەگرێ

چەند سەدەیە .
لەیەك بازنەدا خول دەخۆین
ژین رادەكا لەدەست مەرگ
بەختەوەری لەپەژارە
چنین لەگوڵ     ئاو لەباران
مانگ لەخۆر و  خۆر لەئاسمان
چەند سەدەیە .
مەرگ دەكوژین لەبۆ ژیان
تراژیدیا دەترەكێنین
بەهەزاران .
گوڵ و خاكمان لەیەك تۆراند
هەر چەندی ئاومان تینو كرد
چەند رقمان چاند
لەنێوانی هەور و باران
هەر بۆ شادی هەر بۆ ژیان
كەچی بەمردنی مەرگیش ژیان دەمرێ
تێنوێتی ئاو بەئاو دەشكێ
هەر هەورە مامانی باران
چاكترین دۆستی ژین مەرگە و
خۆشترین بزەی سروشتیش پەژارەیە
بۆیە تا قەت خەم دات نەگرێ
خۆت دوور بگرە لەخەم باران

سالّی تازە
خۆی کرد بەنێو تەمەنماندا
دەفتەرێکی تازەم کڕی
گوایە دەفتەری یادگارە
واخەریکە .
دوای چەند ڕۆژێك
پەڕەی خالّی تیا نابیندرێ
هەروەك پەڕەی دڵی لێ دێ
چونکە گیانە ..
زەمەنێکە .
پەڕەی خالّی
لەدەفتەری دڵ نەماوە و
یادەکانی لێ تۆمارە و
پێشهات ئاوازی تیا دەچڕێ . !!

٢٠١٥/٢/٥

# تەنها بزانە

گرنگ نیە
مەم دوێنە
چیتر وەڵام مەدەرەوە
بەتەنها ئەوەندەم فێرکە
کەتۆ لەبیر خۆم بەرمەوە
***
ئارامی تۆ
هەموو ژین و مانی منە
نا ئارامیت .
دەریای خەمێکی بێ بنە
***
بۆمن هیچ جیاوازی نیە
دڵت تەنگ بێ کەمدوێنی
یا دڵ شادبی کەنەمبینی
بە هەردوولا
گریەم دەبێت بەمزگێنی .

٢٠١٥/١/٦

بۆت دەنوسم
زۆر بەووردی بۆت دەنوسم
بارتەقای تامەزرۆی چاوت
پارسەنگ لەگەڵ
حەز و ویست و
دەروونی پڕ تین و تاوت
***
باوەڕ بکە
ووشە لەمن
پیت لەووشە
بەلەزترە
بۆ گەیشتن بەدیدەنت
ئەوان تۆیان مەبەست ترە
***

یەك وەك شانە و
یەك وەك عەتر و
یەك بە پەلەتر لەهەمووان
خۆ هەڵكوتێ بۆ باوەشت
یەکێ ماچ بکا رووی گەشت
***

هەر چەند دەکەم
بۆم ریز نابن
یەك لەیەکتر چەتوون ترن
من مەیدانیان بۆ چۆڵ دەکەم
هەموویان لێرە بەجێ دێڵم
تەنها ماچ لەگەڵ خۆم دێنم .

٢٠٠١/٧/٦

ئەی مۆتەکەی تەمەنی من
کابوسی خەونی ژینی من
هەتاکو کەی وەکو سایە
دانابڕێی ..
هەتاکو کەی پشکۆی گەرمت
لە ئاهی ساردم هەڵدەسوێی
دە وازبێنە. دوورکەرەوە
ئاوڕێ لەژینی رابردووم بدەرەوە
بزانە کە بەبێ تۆیی
چەندە جوانم .
چەند شارەزای
عەشق و شادی و بزەی ژیانم
لەو رۆژەوەی کەتۆ هاتی
تاڵت کرد لێم
ژینی سادە و
لار بوو لێم رێکی زمانم
نەفرەت لەتۆ و
لەوەی کە بنیادی ناوی
ئەوەی بێ تۆ ژینی ناوێ و
نایەت ناوی .

٢٠١٤

## باوەڕ

گەرچی دەورەم
تارماییەك دایپۆشیوە
کەچی وورە و
هێزی بڕوا بەخۆ بوونم
وام لێ دەکات
لەداهاتویەکی نزیکدا
ئاسۆیەکی گەش ببینم .

**٢٠١٤/٦/٧**

## مەستی بادە

جاران پێکی شەڕابی خەست دەیخەواندم
بەس لەوەتەی ..
پێکی عەشقی تۆم هەڵداوە
نەك هەر بەخۆم خەوم نیە
بەڵکو شەڕابیش تێ ماوە
نازانن کە .
من سەرمەستی عەشقی تۆمە
یا بادە بەئەشکم مەستە
یا عەشقی تۆ .
مەستی بادەی لەگۆڕ ناوە .

**٢٠١٥/١/١٨**

# یادی هێمن موکریانی

هەر نەگەییم بەو ئومێدەی کەژینم کردە قوربانی
بەناچاری بەرە و لوتکەی سێبەری مردنم دەچم
سەدان حەزی نەپشکوتووم لەسینەدا ژەنگی هانی
بۆ مل کەچی مل کەچ نەبووم ڕووە و مردنە مل کەچم
من مل کەچت نابم ڕەقیب ئەگەر بێ و دووبارەش بژیم
تێ هەڵدەچمەوە وەك جاران دژ بەبەندی دژ بەنەدەم
ئەختەری چاو کەژاڵی من ئێستا چاك تێگەیشتووە
لەجەنگ و شادی بەشدارە لەژێر دانابڕێ یەك قەدەم

**٢٠١٤/١١/٧**

# خۆت و خود

گێژم لەبوونی ئەم بونەوەرە دەك بە نەبوە بێ
گەر روو خۆشی و حەقیقەت باوی نەبێ با هەر نەبێ
زۆران وەهان هەرگیز وا ناژین کەهەن، عەجایبە
من چۆن بتوانم گوڵ بم، وەك درك بم، بۆنم نەبێ

گەر گوڵی ویستەی ئومێدت ناگرێ بەر، بیدەبەر
گەمە و گاڵتە، لەبەرچی دڵت دەدەیە بەر نەشتەر
دوایی روحی رواڵەت چاکە لەو گەردوونە بەدەدا
هەر ریسوا بوون و وون بوونە لەداخی تەڵەی بەشەر

بەرامەی عەتری ڕابردوو

داخی بەختت بۆ دەخۆی تۆ خۆت دۆریخەی خەمانی
کەپڕ داخ بی لەپڕداخی تر لەسینەت دەڕوانی
هەستی پاکت بێ بەختیە بێ بەخت مەبە چیتر
سەد ساڵی تریش ژین بکەی چەقەڵی نێو چەمانی

یەزدان بەم هەموو رەحمەوە خاوەنی دۆزەخیشە
ئەتۆش تەنها رەحم و راستی بۆ خۆت مەکە بەپیشە
بۆ مرۆڤان مرۆڤتر بە بۆ دڕندانیش دڕتر
چیتر نیشانی چارەنوس بۆ خۆت مەکە بەپیشە

**١٩٩٩**

لەکونجی چاوەڕوانیدا ئەستە و ئەژنۆ نەبم چیبکەم
لەسایەی نیگەرانیدا ئەشك پڕژێن نەکەم چیبکەم
لەحەژمەت تاڵی موی نەرمت تاڵە دەم،موش نەما تاڵی
لەپای ڕەفتاری شێتانەت شێتانەتر نەبم چیبکەم

دەیان داوی وەك داوی تۆم.بۆ دندرا بەدانەوە
لەو هەموو داوە بازمدا بەدەیان داو و دانەوە
ئێستاش وا مەسخەرەی تۆمە لەپێچی زولفت وون دەبم
نەهاتە گۆ زمانی تۆ.جارێك بۆ وەڵام دانەوە

دەوەرە گۆ،چەند جارم گۆ،بۆماچی گۆ،نەهاتی تۆ
دەزانم خۆ لەرۆژی روون بۆنی نایێ گوڵی شەوبۆ
چاوەکانم لەچاوی چاوەڕوانیتدا هەر چاوەڕێن
کە لەلات بووم،لات بووم بۆتۆ،کەلە لامە،لەدووری تۆ

دەوەرەوە،بیر کەرەوە،بیرەوەریم بیر بەرەوە
چونکە ئەوەی یادی تۆیە هەر تاڵیە بیبەرەوە
یادگار نیە لەنێوانمان کەفرمێسکی تیا نەڕژابێ
واز لەتەنیایی خۆت بێنە دە (هێمن) ت.بیرخەرەوە

**٢٠١٥/٢/١٩**

ئەگەر تەنیا لات هەوەسە خۆشەویستی
وا دەزانی من بۆ هەوەس خۆشم ویستی
یا ئازارم دەی بەهەوەس بەزام مەستی
من پێت دەڵێم تۆ بێ هەوەسی بەدمەستی

بەدمەستی گەر لات مانای جوانی بێ ئەوین
دڵنیابە تاسەر جوان نین هەڵدەوەرین
حاڵی بوون لەهەستی یەکتر جوانمان دەکات
وابڕوا بۆ هەردوولامان جوان نین،دەچین

دەچین بۆ ڕێزی بێ وەفا و جەور و جەفا
یەك جەفا دەر،یەك جەفاکەر و بێ وەفا
ئەگەر لەلات ناژیێ وەفا حاڵیم کە دەی
زیاتر شێت و شەیدام مەکە،هەی بێ وەفا

هەتبێ وەفا مەخەڵەتێنە دوو دڵان
مەیخافڵێنە و مەیژاکێنە باخی گوڵان
خەڵتاندن پیشەی کەنیشکی کورد نیە
خەڵەفاوی ئەگەر بڵێی،ڕاحەتە گیان

گوڵبژێرم کرد لەباخی پڕ لەنەشئەی جوانی خەیاڵ
پەندی پێشینانە دەڵێ: کەس بەخەیاڵ نابێ بەماڵ
بۆم بلوابا لەگەڵ یەکەم دەیدەنیدا دەمکردە بوك.
بەڵام تازە ئەلقەی پەنجەی بوو بەتەوقێ لەملی خەیاڵ

نیازی نهێنیم بوو کەوا بیکەم بەهاوسەری ژینم
بیکەم بەملوانکەی شادی بۆ ملی دڵی غەمگینم
ێش و ئازار و خەم تازە چ سودێکی نیە و نابێ
کەبۆم نەبوو دەبێ بڵێم من مەم و ئەو خاتو زینم

باڵاکەی قەد چنارێك بوو ئۆباڵی سەد مەم لەیاخەی
سوسکە ڕەوت و پەریزادە خۆزگەم بە باخەوانەکەی
زولفی سیا و تۆڕی پەرچەم چاوی جادووی پڕ لەستەم
دەست و مەچەك، یا بزەی لێو، یاخود هەر تەنیا باخی بەی

بەرامەی عەتری ڕابردوو

هەموو خونچەی جوانی بەهار هەڵدەوەرێ لەتاو خونچەی
خونچە دەمی کراوەیە لەتاو هێرشی هەناسەی
هەناسە شەرمەزاریەتی کەدەبزێوێنێ ئەو خونچە
خونچە بوو خونچەی دڵی من دڵم تاسابوو بۆ لەنجەی

باسی تیری موژەی ناکەم گەلێ زامدار و بەئێشە
تیرێکی ئیسلامانەیە تیژ وەکو زەرگی دەروێشە
موژە پاسەوانە ئیدی دەبێ بەکاری خۆی هەڵسێ
بۆیە لێمی زەوت کردبوو هزر و خەیاڵ و ئەندێشە

ئەوەش وەك رازەکانی تر دەچێتە ژێر گڵ و دەڕوا
ئای. حەزێکی شێتانە بوو سانا رۆیی بەبێ پەروا
تازە هەر چیەکی بڵێم دڵدانەوەی دڵی خۆمە
چۆن کەرازەکانی پێشوم بەفیڕۆ چوو ئەوەش هەروا

**١٩٩٧**

## ڕاز و نیاز

هەستم مەستە وشەم لەدەم ناترازێ
خەیاڵ و دڵ شین دەگێڕن بەنازێ
منیش دڵ و دوو سێ ئێسقان و پێستم
وەها بڕوا ئەویش لەیەك دەترازێ
فیدای چاوی خوماری تۆمە قوربان
هەتاکەی نەدرکێنم راز و نیازێ
وەرە با دەست گرین بۆ ئەو جیهانەی
که تام و چێژی ژیانی لێ دەسازێ
جیهانی پاك و راستی و خۆشەویستی
جیهانێکە کە بێ وەفا نایخوازێ
وەرە رازت بچرپێنە بەگوێمدا
دەنگت سازتر لەدەنگی عود و سازێ

٢٠٠٠/٦/٥

ئەم شیعرە لە لایەن هونەرمەند
(زیرەك شێرزاد) کراوە بەگۆرانی

# بۆ جوانێکی سەر مڕۆ

چاوت چەشنی چارەمە چارەی کە دڵەی بێچار
بەلەنجە و ڕۆین بەسە هەی دڵ ڕەقی خەتاکار
داخەکەم گەر زمانی شیعرم لەدەمدا دەڕوا
بۆت دەبومە دیوانە و دەمکردیە شەمی گڕدار

وشەت چەشنی زارمە،دڵم هەر وەکو سینەت
خەیاڵم کۆت و بەندە بۆ ئەو زولفە چین چینەت
خۆزگە بۆ تەنها ساتێ خەیاڵم دەبوو بەڕاست
بەدەم و دەست و پەنجەم میوان بیام لەسینەت

وەك وێنەی (مۆنالیزا) ی لێو بەبار و خەندە لێو
لەیەك کاتدا هەردووکیان وەکو یەك دەکەی بەخێو
پێم بڵێ ئەگەر ژیری بۆچی حاڵی نابی لێم
ئەگەر نەفامی، نەمام، بۆ بۆت بچمە کەژ و کێو

بە بەنازی دەنازی بۆ جوانیەکەت جوان نیە
پەری زادە و دڵ رەقی وەك گۆما و کانیە
گەر وەك تۆم بزانیبا وەك (ئەتۆم) کاولکەری
بوێر دەبووم و دەمگوت جێت لەم هەوارە نیە

من بەندەی تۆم ئازیزم تۆ بۆچی وا سەرگەرمی
بۆ ئازار دانی بەندەت هەمیشە ساز و گەرمی
دڵ شوشەیە شوشەکەم، شوشە بەشوشە دەشکێ
بۆ نەشئەی گەرمم ساردی، بۆ ووشەی سارد دەم گەرمی

قاقای بەرز و بەفیزت رووخسارم دەشێوێنێ
ڤایرۆسی تامەزرۆیی لەدەروونم دەچێنێ
دەبا سیلەی رەحمی تۆ وەسیلە بێ بۆ ویصال
دە هێمن بە تا (هێمن) بەهێمنی بتدوێنێ

**ئازاری ١٩٩٨**

هەولێر/ باخچەی خانزاد

# بادەی پڕ راز

خەیامیە بیروڕام خواناسی هەمان ڕێگام
ئاشنای ئەندێشەکانم ئاشنام بەخودی پەیام

لەژێر بادەی پڕ ِرازی لەخوانی هەردەم سازی
خەم دەکا بەهەنگوین و ئەنێێ لەدەم هاوڕازی

هاوڕزای تۆم ئەی خەیام تێ دەگەم لەئیلهامت
دێرینی دنیای فانی پەخشان دەکا پەیامت

تەنها میهرەبانیە خودای گەورە و خولقێنەر
تەنها یەکتا پەرست بە نەك بیکەی بەتۆقێنەر

ئەوانەی ئاین دەکەن بەبژێوی ژیانیان
هەرگیز خودا ناناسن ئاسودە نابێ گیانیان

ژینی سادەی پڕ ژیری داوا بکەن لەیەزدان
نەك ریشی بێ سمێل و بێنە و بەردەی مەزهەبان

گفتوگۆ لەسەر (تەیموم) چەند کتێبی گرتەوە
فلأن بەفیسالٚ دەلٚێ من لەتۆم بردۆتەوە

بۆ سەربڕینی ئاژەڵ دەیان (شەرع) م بۆ دەکا
که سەری مرۆڤ دەبڕێ مەلا بەس سەیر دەکا

سەربڕ. سەربڕاو نوێژکەر، یەك شەهید یەك غەزاکەر
لەو هەموو بێنە و بەردە چۆن لەقوڕ دێتەدەر کەر

کلکی دەپسێ ئەو کەرە چیتر مەیکەن مەخسەرە
ویستەی خودا ئاشتیە بۆ لەپای چی ئەو شەڕە ؟؟

## خۆزگە

جوانی لەبەر چاو هەموار لەبەر دڵ
ناسکتری لام لەهەنگی سەرگوڵ
خۆزگە من چۆنم تۆش بۆم ئاوابای
بەوێنەی خۆم بۆم شێت و شەیدابای
نەك من لەلایێ بەوێنەی فەرهاد
بۆ ئەم شیوەنەم نەیەیتە فریاد
گەر ئاوا بڕوا نەك هەر لاویەتیم
بەڵكو كۆی ژینم لێ دەڕوا بەباد

# پرسیار

پێچی زولف و گەردن و ڕۆینی ناز
لێوی ئاڵ و کوڵمەی جوان و بزەی شاز

نەرم و نۆڵ و کەمەر باریك و ناسك
گەنم ڕەنگ و کەڵەگەت ڕەوتی ئاسك

دووچاوی ئەفسوناوی مەند دەکا شێت
دوو ئەبرۆی ڕەش نەشئەی شادی دەداپێت

چەناگەی نەختێ چاڵ و خاڵی لێوی
تەرازووی نازی تیرە دڵ دەنگێوی

ئەبێ ئەو پەریە شۆخەioوومەت خۆخە
ئەبێ ئەو چاو خومارە باڵا دۆخە

بەهەوەسی هەست و دڵی خۆی جووت بێ
یا لەداخی نەریتێك گۆشەگیربێ

لەمەراسیمی ناشتنی هەر ساتەوەختێ بێ تۆ
دەبێ یادێکت میوانی ئەو ساتە وەختەبێ تۆ
مەیم نۆشی هەتا تاوێ لەیادت بکەم کەچی
هەر پێکێك و هەنگاوێ بوو دەخشی بۆ باوەشی تۆ
یاد شیرینی، بیرت دەکەم . بەقەد دوا رۆژی عومرم
رابردووم یادگاری تۆیە، دوا رۆژمە بەبێ تۆ
هەر کەسێکی رۆژ ژمێری تەمەنم بخوێنێتەوە
دەردەکەوێ ئەو رۆژگارەی بەسەرم بردووە بێ تۆ
رۆژگارێکی پڕ تەنیایی و سوتانی بێ خۆڵەمێش
جەرگ و دڵ سوتانە بەشیان، گڕی بن کایە بێ تۆ
ئەی هەوێنی خەندە و بزەم هەر جارێك بپرسە لێم ؟
دەبزانە چۆنە حاڵی (هێمن) ەکەت بەبێ تۆ !!

# گۆشەگیری

پێم دەڵێن بۆ گۆشەگیری لەم بازاری شادیە
دوور لەتۆ، بێ تۆ ئەزیزم ژین خەم و بێ دادیە

لێی سوتاندوم دڵ بەجارێ رووە ئاگرینیەکەت
دەبا جارێ بۆم پاوان بێ باخە بە بەرژینەکەت

من لەسایەی بەدواداچوونی سەڕابی تۆ پەشێوم
لەسایەی ناز و غەمزەتە دەپێوم هەرد و کێوم

جەنجاڵت کردووە ژینم وەك قژی تێك ئاڵاوت
تۆی مەرگم مەچێنە چیتر بەبەژن و باڵای لاولاوت

ببارێنە و سەربەستی کە فرمێسکی شادی چاوانم
دەبێ بەخۆت لاسەنگی کەی گوبانی هەگبەی گومانم

لەمەتەرێزی وەفادا بۆت دەوەستم هەتا مردن
شادبە و لاویت بکە هەتوان چەندانی وەك تۆ رابردن

هەر (هێمن)ە بۆت دەسوتێ، با نەنوسێ لێی دەنگەکەی
بەوەڵامت ئارامی کە، ساکین دەبێ پێنوسەکەی

# خۆزگە منیش وەك تۆ دەبووم

خۆزگە منیش وەک تۆ دەبووم
هەر سەر قاڵی ژینی خۆم و خەم وکەسەری خۆم دەبووم
وەک تۆ چاوم لەمافت باو وەک هەمیشەت لەمافی خۆشم خۆش دەبووم
خۆزگە منیش
لەگەڵ چەپڵە چەقەنەبام
لەشاییشدا سەرچۆپی گر
گیرفان واڵا لەبۆ چەتەو
بۆ سەر ڕێی کاروانیش ڕێگر
منیش وەک تۆ
دەستە سڕی لووتی درۆی عەولەمەبام
بەقومێک ئاوی سەر لێوی لێو تیمساحێک
تێر مەلە بام
هەر بۆ هەوەس،بۆ بینینی ئەو فیلمە چەند بارانەدا
بە پەلەبام
لەشەودا چاوەڕێی ڕۆژ و لەڕۆژیش دا هێند
تامەزرۆی ئێوارە بام
بۆ ئەوەی نەک وەکو ئێستا
هەست بەدوو بەیانیت بکەم
بێ دووانت
دوابەندی هەستت ببینم
لەداخی هەڵەی پڕ پەڵەی پڕ لەتەڵەی
ویستی سوورت
هەرگیز نەوەستێ ئەسرینم

کوا کەوشەکەت
گەر ڕازی بێت
هانێ پێڵو..هانێ ناو لەپی نیانم
بەس بەو مەرجەی
ببە ئەدرێسی ژیانم

تەونی ژیان ڕێچکەی نەخشی خەیاڵمانە
جار نا جارێ
گرێی ڕیسی ئەو ڕۆژگارە
نەخشی خەیاڵمان دەگۆڕێ
وەکو فەرشێ
بەئاوەژوو ڕات خستبێ
ئاوا نەخشەکەی دەگۆڕێ
قەت مەڵێن خەیاڵ جوان نەبوو
داڕشتەی نەخشی دەروونی
لەوانەیە خەتابار بێ
چەرخی چەبگەردی گەردوونی

# تۆ هەوێنی

دوو چاوی مەستی فاتیمەو
دوو ئەبرۆی تیژی حەبیبەی
هەموو ڕۆژێ
خوری حەزم ئەکەی بەڕیس
بە تەشیەکەی شیرن خانا
لەجێی پێنووس دەستم گرتوە
بە عەسای شێخی سنعانا
ئازیزەکەم
خۆزگە منیش بم توانی با
ببم بە مەم
بۆ زینەکەم
تا وەك مەجنون هەڵم کەندبا
وێنەو شێوەت
نەك لە کێوان
بەڵکە لەناو دڵی بەندەت

# پێت وایە چیترم بوێ

پێت وایە چیترم بوێ
گەر لەقەد پاڵی ئەو شاخە
وەك دوو كۆتر
هێللانەیەك بۆخۆ چێكەین
هاوڕێی گوڵ و دارو بەردبین
ئاوی كانی بەكەوسەر كەین
تەنیاییمان پڕ گەوهەر كەین
بەشەو لەجیاتی خەونیشا
لەباوەشی یەكتر خەو كەین
پێم وایە چیترم ناوێ
گەرتۆ ئارام بگری تاوێ
حەزم دەكرد چاوەڕێم بیت
تەنیا جارێ تابزانی
ئێش و ژانی چاوەڕوانی
.... ...
حەزم دەكرد بیرم بكەیت
تەنیا جارێ تا بزانی
بۆ ئەوەندە بێ ئارامم
بۆ هەمیشە وەكو توتی
..هەر یەك ووشە دەڵێمەوە
كە ناوتە
تۆ بۆ من خەون و ئیلهامی

# پێت سەرسامم

پێت سەرسامم
تائەوپەڕی دڵنیاییم پێت سەرسامم
هەندێ کات ڕێك مناڵێکی
ورك ئەگری بۆ بوکەڵە
هەندێ کاتیش
ئامۆژگاریت ڕێك ڕێم لێدەگرێت لەهەڵە
ئەوکاتانەی دڵت تەنگە
تەرازووی ئەوینت لەنگە
تەڕو وشك بەیەکەوە ئەسوتێنیت
ئەو کاتانەی کەدڵ خۆشی
کەبەرگی بزە دەپۆشی
شادی دەدەی بەدەورو بەر
نازو عیشوەت
باخی دڵت هەر بەنێرگز دادەپۆشی
بەڵام ئەوەی پێی سەرسامم
لەهەردووکات
سەر زەنشت کردنی ئیشقت
لاوێتیمیدا بەهەدەر

مەی خۆر کەمەی دەخواتەوە
بۆ ئەوەیتی
زمان و سەر لەیەکتر دور بخاتەوە
خەم لەهەوکی خۆی کاتەوە
ئێ من بێ مەی
هەر کاتێکی تۆ دەبینم
نەك هەر تەنها زمان و سەر
یاخەمۆکی و خاتیرەی تر
بەڵکە خۆشم
دەبمە شەڕابێکی خەست و
دوای دەمانێك
دەفرە مەیەکی پڕ جۆشم

لەڕۆژی خۆشەویستیدا
خوناوێکی سەر پەڕی گوڵ پێشکەشت بێ
نسێی بەر جوانترین چنار
لە چیمەن و مێرگ و بنار
بۆچەند ساتێك
لەب و لێوت
بخە سەر یەك
پێ ڵوی چاوت بخە سەر یەك
بالێومان بخەینە سەر یەك
با جەستەو ڕۆح تێکەڵ یەك کەین
بۆ یەك بژین
تەمەنمان بخەینە سەر یەك

دڵی من چەشنی سایە بەدوات وێڵە
بێ جێ و بێ ڕێ
لە ئاسمانی خۆشەویستیت
دەوران دەکا
بەجێی مێڵە
لەدەوری پەلکە زێڕینەی ڕوی ناسکت
دەمدەمانێك گرمۆڵ دەبێ و
دەمدەمانێك ڕادەکشێت و
دەمێك ساماڵ
دەمێك لێڵە
تۆ دڵ نیای کە ناگەڕێتەوە سینەم
جێگەیەکی بۆ نیشان کە
لەسینەی خۆت
هەروەك چۆن من
دڵی تۆم هاوێشتە سینەم

کێ بەقەد من خۆشی دەوێیت
کێ بەقەد من
گۆرانی بۆ ڕووحی جوان وپاکیزەییت
بێ دەنگ دەچرێت
کێ بەقەد من
ئیلهام بەخشی هەستی تۆیە
سیەکانی هاو جووت لەگەڵ سیەکانت
چاوەڕێی هەناسەی تۆیە
دەپێم بڵێ
کێ بەقەد من هاوژینتە
هەتوانی گشت برینتە
کێ بەقەد من تێڕامانی تێڕامانتەوهیچی تر
دەتۆش ببە بەو فریشتەی
تاهەتایە بت پەرستم و هیچی تر
لێم مەبە بە بوکی بەفر
لەگەڵ تیشکی خۆرەتاوا بتوێیتەوە
پێش هاتی سپی و ئاواتم
وەک پاشماوەی بوکی بەفر ڕەش کەیتەوە
من دەمەوێ هەموو دەمێ
بۆ حەزو ویستەکانی تۆ
سوژدە بەرم
گەر ڕۆژێ حەزم نەپێکای
ئەو ڕۆحەم دەرچێ لە بەرم

کەبیر لەتۆ دەکەمەوە
شەماڵێکی سپێدەم و
هەر بەلاتا تێ دەپەڕم
کاروانیکم
بەدوای کاروان سەرای خەیاڵ شەیداو شێتم
ژەمێکی سادەی خوانتم
پیاڵەیەکی بەتاڵی چام
هەر بۆ هەوێن
کەوچکێك لەو هەستە پاکە
بەمنی ماڵ وێران ببەخشە
لەوخۆشەویستی و سوتانەی
لەسینەمدا بێ ئۆقرەیەو
هەدا نادا و
پێت پەیوەستە

بەر لە ماچی لێوەکانت
وام دەزانی
کە مێش هەنگوین
کارێکی زۆر مەحاڵ دەکات
لەدوای ماچت
ئنجا زانیم
کەمەحاڵە هەنگوینەکەی
لەهەنگوینی لێوی تۆدا شیرین تر کات
پێشکەش بەو لێوانەت کە لەهەنگوین شیرن ترن

ئەتۆ کەی هەست بەمن دەکەی
کەی ئەزانی چرکەساتە
بێ تۆ کانم چەند دژوارن
کەی ئەزانی
بزە بێ تۆ چەند نامۆیە
شادیەکانم بەبێ تۆیی
بێ هەوارگەو بێ ژوانن
کەی ئەزانی
چەند شەکەتی تەنیاییم و ئاوەدانیم
بەتەنیایی چەند وێرانن
بە ئیشقی تۆ زیاتر لەوە دڵنیابوم
دایکە حەوا پارچەیەک بوو
لە پەراسووی باوکە ئادەمەوە دەرچوو

کراس سپی
لەدوای بیست ساڵ
لەدابڕان
کەتۆم بینی
کراسەکەی بەرت ڕەش بوو
کوڵمەی پڕت
لێوی بەماچی من سڕت
سیمای گەشت
لەشو لارت
باڵای بەچەشنی چنارت
گشت گۆڕابون وەک کراست
دوو گلێنەی چاوی
ڕەشت وەکو ترێ
ببون بەدوو دانە مێوژ
ئەوەی کەوەکو خۆی مابو
هەر دڵت بو
بەچەشنی دڵە ماندوەکەم
تەپڵی شادومانی لێدا
قەفەزی سینەی هەژاندم
هەرچی خەمە لێی تۆراندم

بڵێ توخوا
هەرچیت هەیە
ئەودڵەی تۆ بەخاڵی بونەوە جوانە
باگەرد نەگرێ
نەک لەئاهت
تاسەی دابڕان بمگرێ
خۆشەویستی و عەشق و پاکیمان
هەڵوەرێ
خودای عەشق
بمان گرێ
توخوا هەرچیت هەیە بڵێ
دڵ خاڵی کەو
سترانی ئارامی بڵێ

هەر بەئومێدی یەکەم دیدەنیت هەناسە دەدەم
کەنیگات کردم
کەهۆشت بردم
کۆتری تیژ ڕەو بوم
دوباڵت کردم
گەلێ تینوبوم
لەچاوگەی جوانیت قومێک ئاوم خوار
وەکو هیرۆین چویە خوێنمەوە
ئەلەو ڕۆژەوە
وەک بلبلی بەند
شاکاری قەفەز
لەچاوەڕوانی دا
ئەخوێنمەوە

هێند سەرقاڵم بەبێ تۆیی
تک تک تەنیاییم لێ دەتکێ
وڕێنەو سەرکاسیم نەبێ
هەر خۆم روحی خۆم دەتاشێ
سەرشێتەکەم
سەرشێتی تۆم
سەری شێتم
ئاوێتەتە
ویژدانیشم هێندە جوانە
بۆتەماشای ڕوخساری خۆت
ئاوێنەتە
شێوە تاساوو بێ ڕەنگم
وەک ویژدانت
قژتێک ئاڵاووبەڕەڵام
وەک زمانت